# گڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (١٤)

سێشەممە ٢٠٢٥/٤/١٥


## 1370 بیر دادەخرێن

# یەکەم قۆناغی پرۆژەی فریاگوزاریی ئاو تەواو دەبێت



دیمەنی کارکردن لە پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای ئاو لە هەولێر

وێنە: هێمن گرووپ

# گەشتیارانی ئەوروپا پارکی شانەدەر دەکەنە هۆتێل

ئارینا جەعفەر

مانگی ڕابردوو (ئادار) گرووپێکی گەشتیاریی ئەوروپی لە چەند وڵاتێکی جیاوازەوە و بەئۆتۆمۆبێلی خۆیان؛ سەردانی شاری هەولێریان کرد، شەوانە لە پارکی شانەدەر دەمانەوە و چێژیان لە ئارامی و جوانییەکانی هەولێر بینی، دەڵێن کە گەڕانەوە هانی گەشتیارانی دیکەش دەدەن بێنە ئێرە.

ئەو گەشتیارە بیانییانە لە چوارچێوەی گەشتێکی دوورودرێژیاندا بۆ چەند وڵاتێک، شاری هەولێریشیان کرد بە بەشێکی سەرەکیی گەشتەکەیان، کە دوو ڕۆژی خایاند، جیاوازیی هاتنی ئەم گەشتیارانە لەوەدا بوو کە بە ئۆتۆمۆبێل و کەرەڤانە هاتبوون و بۆ پشوو شەوانە لە گەراجی پارکی شانەدەر دەمانەوە.

ڕێبەری گەشتەکەیان لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند) باسی لەوە کرد؛ ئامانجیان لەو گەشتە گۆڕینی تێڕوانینی وڵاتانی دەرەوە بوو بۆ کوردستان، کە بەهۆی ئەو توندوتیژیانەی ساڵانی ڕابردووەوە هەمیشە کە ناوی عێراق و ناوچەکە دەبیسترێ ترسێکیان هەیە.

گوتیشی «ئامانجمان ئەوەیە تێڕوانینی گەشتیارانی بیانی لەو بارەوە بگۆڕین و دڵنیایان بکەینەوە کە ئێرە پڕە لە ئارامی و پێکەوەژیانی نێوان سەرجەم ئاین و نەتەوە و کولتوورە جیاوازەکان».

گابریێلا ژنە گەشتیارێکی سویسریە و بۆ (گڵکەند) گوتی ساڵانێکە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەردەوام بەگرووپ گەشت بۆ وڵاتان دەکەن، لەم گەشتەیاندا ١٥ کەسن، لە سویسرا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا و ئوستralیاوە هاتوون، پەرۆشی ئەوەن وڵات و کولتوورە جیاوازەکان ببینن.




وێنە: ئارینا جەعفەر

گابریێلا هەستی خۆی پاش گەشتەکەیان بۆ هەولێر دەردەبڕێ کە شارێکی پێشکەوتوو و سەردەمییانەیە، لەگەڵ ئەوەدا پارێزگاریی لە کولتووری خۆیشی کردووە، دەشڵێ "تەنها دوو ڕۆژ کاتمان هەیە لێرە، بەڵام جوانیی ئەم شارە وای کرد کاتەکانی پشوومان کەم بکەینەوە، تا بتوانین تەواوی شارەکە ببینین».

هەروەها قەڵای هەولێر زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە و وای لێ کردووە بەپەرۆشەوە مێژووی شارەکە بخوێنێتەوە. ستایشی خەڵکی هەولێریشی کرد کە «زۆر میواندۆستن، وا هەستم دەکرد لەمێژە لێرە بم؛ ئەوان هاوڕێیانە مامەڵە دەکەن، لێرە خواردنی نوێ و بەتاممان تاقی کردەوە».

ئەو ژنە گەشتیارە سەرسامیش بوو بەوەی لێرە هەست بە پارێزراوی و ئارامی دەکات، جیاواز لەو ترسەی پێشتر هەیانبووە لە عێراق بەگشتی و بەشوێنێکی مەترسیداریان زانیوە، بەڵام پاش ئەو سەردانە بۆچوونیان گۆڕاوە چونکە وەک خۆی دەڵێ «ئازادی و پێکەوەژیان»یان بینیوە، بەتایبەت پێی وایە لە هەولێر ئافرەت ئازادە و، وەک ئێران باڵاپۆشیان بەزۆر بەسەردا ناسەپێنرێت.

لە کۆتاییدا جەختی لەوە کردەوە کە لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتەکەی هانی خەڵک دەدات سەردانی هەولێر بکەن و چێژ لە جوانییەکانی ببینن. ●



دیمەنێکی پارکی شانەدەر

# 20 بەهارە
# خەڵکی گوندێک بە شوێنپێی باپیرانیاندا دەڕۆنەوە

**شلێر سەعید**

بیست بەهارە کۆمەڵێک گوندنشینی جاران بە پێیان ٣٥ کیلۆمەتری ڕێی گرد و دۆڵی بەپیتی کۆیێ دەگرنە بەر، بەرەو ئەو گوندەی باوباپیرانیان ڕۆژێک پێیان دەگوت ماڵ. تا نەریتی بازرگانیی ئەوان و پەیوەندیی نەشکاویان بە زێدەوە بەرز ڕابگرن.

خەڵکی گوندی بۆگد وەک نەریتێکی ساڵانە، هەموو بەهارێک شوێنپێی باوباپیرانیان دەگرنەوە بەر، کە جاران بۆ پەیداکردنی بژێوی و بازرگانیی بە پێیان و بەسواری بەرەو شاری کۆیێ ڕۆژانە هاتوچۆیان پێدا کردووە.

لەو ڕێوڕەسمەدا ژن و پیاو، گەورە و بچووک بەشداری دەکەن، پێیان وایە بەو نەریتە کولتووری باوباپیرانیان دەپارێزن و یادیان بەرز ڕادەگرن.

بۆ ئەمساڵ، ڕۆژی (٣/٤/٢٠٢٥) هاووڵاتیانی گوندی بۆگد، کە زیاتر لە ١٥٠ کەس دەبوون بەدروشمی (ڕوو لە ئاسۆی ڕوون بۆ تیشکی هەتاو، بەرەو بۆگدمان هەنگاو بەهەنگاو) گەڕانەوە گوندەکەیان.

جاران خەڵکی گوندەکە بەکۆڵەپشتەکانیان پێداویستی و خواردنیان لە کۆیەوە دەگواستەوە بۆ گوند و ئەوانیش ئەو نەریتەیان بەزیندوویی هێشتووەتەوە، هەرکەس کۆڵەپشتێکی پێیە کە خواردن و ئاوی یەک ڕۆژی تێدایە.

ئاراس خالید، یەکێ لە سەرپەرشتیارانی گەشتی گەڕانەوە بۆ (گوندی بۆگد) لەبارەی ڕێڕۆیشتنەکەیان بۆ (گڵکەند) دوا "ئێمەی بۆگدی ئەمساڵ بیستەمین گەشتی بە پێ گەڕانەوەمان لە شاری کۆیەوە بۆ گوندی بۆگد، بە بەشداریی زیاتر لە ١٥٠ کەس ئەنجام دا، کە ٥٠یان ژن بوون، بچووکترین ڕێبواریشمان منداڵێکی ٨ ساڵان بوو، گەورەترینیشمان پیاوێکی تەمەن ٧٥ ساڵ بوو"

گەشتەکە بەسەرپەرشتیی گرووپی شاخەوانیی بۆگد و چالاکوانانی بۆگد، لە بەیانییەکی زووەوە لە شاری کۆیەوە دەستی پێ کرد. ئاراس خالید دەڵێ ئامانجیان ڕۆیشتنەوە بوو بەسەر جێپێی باب و باپیرانیان کە ساڵانێکی زۆر بەپیادە و سواریی بەم ڕێگەیەدا هاتوچۆیان کردووە بۆ شاری کۆیە و لە شاریشەوە هەر بەو ڕێگەیەدا گەڕاونەتەوە و شتیان بردووە بۆ گوند.



بەلای بۆگدییەکانەوە، زیندووکردنەوەی ئەو یادەوەرییانە و ناساندنەوەیان بەنەوەی نوێ وەفایەکە بۆ باوباپیرانیان، هەروەها پێزانینی نەوەی دوای خۆیانە بەو دابونەریتانە و تێگەیشتن لەوەی کە ژیانی جاران چەند زەحمەت بووە بە بەراورد بە ئێستە، هەر لەم گەشتەدا چەند جارێک شانۆ پیشکێش دەکەن کە ژینگە و ئەو سروشتە جوانەی هەیانە بیپارێزن.

کوێستان جەلال مامۆستای وەرزشە و بەشداریی لەو ڕێڕۆیشتنەدا کردووە، دەڵێ ئەو وەک بۆگدییەک کە ئێستە لە کۆیە نیشتەجێیە، ئەمساڵ بۆ سێیەم جار بەشداریی گەڕانەوەی بۆ گوندەکەیان کرد، ئامانجی سەرەکیی پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان و زیندی هێشتنەوەی دابونەریتێکی جوانی باوباپیرانی بوو. هەروەها بۆ ئاشناکردنی نەوەی داهاتووە بە ژیانی جاران، دەشڵێ باوباپیرانیان بەم ڕێگەیەدا هاتوچۆیان کردووە، بۆیە ئەو گەشتەیان کەمترین وەفایە بۆ یادکردنەوەی ئەوان.

عەباس محەمەد یەکێکە لە بۆگدییەکان بەشداریی لەو ڕێپێیوانی گەڕانەوەیەدا کردووە و تەمەنی ٧٠ ساڵە، ڕادیۆیەکی کۆنی بەدەستەوەیە و بێ ئەوەی هەست بەماندووبوون بکات، پێشڕەوی ڕێبواران دەکا و دەڵێ ئەوە ١٢ ساڵە بەشداری لەو ڕێڕۆیشتنەدا دەکات. ئەوەش دەگێڕێتەوە کە "لە زەمانی گەنجیدا لە بۆگدەوە بە چوار سەعاتان گەیشتیمە کۆیێ، لە کۆییێشەوە چەند جێ گەڕایمە و ئەوجە دیسان بەپێیان گەڕایمەوە بۆگد".

گوندی بۆگد دەکەوێتە سەر زێی بچووک سەر بەناحیەی ئاشتییە و بە دووریی ٣٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرهەڵاتی قەزای کۆیە، ئێستە ٣٥ ماڵی لێیە. ●



وێنەکان: شلێر سەعید

---

بتشکێن



گۆران سەباح

## کورد پێویستی بەسیستەمی بانکە نەك سەڵاحەدینی ئەیوبی

هەتا کورد خەریکی سەمای بەپاڵەوانکردن بی و وەکی قرنەی بەمێژوو وەنووسێت نابینە هیچ، لۆیێ ئەو بەزمەی کوردبوونی سەڵاحەدین نابڕێتەوە.

بەخۆی کوردبوونەکەی لەمێژە یەکلا کرایتەوە، نازانم بۆ کوردەبۆر حەز دەکات لەسەر شک یاری بکات؟ واز لە ڕەشوڕووت بێنە، ئەمن عەنتیکەم بەرۆشنبیر دێ کە زۆری دەڕێسن و هیچیش ناڵێن لەسەر بابەتەکە. هەرچیش بڵێن هیچ لە دۆخی کورد ناگۆڕێت، سەڵاحەدین کورد بێت یان نەبێت، چیت بۆ دەکات؟

بەس بزانم کورد چ سوودێکی لە مێژووی خۆی وەرگرتووە، تا ئێستە لە مێژووی سەڵاحەدینی وەرگرێت؟ کە دەڵێم ڕۆشنبیرانی مە هیچیان لەباردا نییە، بە فشە و بەلاش وا ناڵێم. دیتتان لە میدیا ئاست نزمەکان و سۆشیەل میدیای فەعۆیان چییان کرد؟

دەمی هەر تاکێکی کورد بکەیەوە، دنیات بۆ خرا دەکات لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین. باشە مادام هێندە مکوڕی لەسەر ئەو ئازادییە، بۆ ڕایەکت قبووڵ نییە دژت بێت؟

یوسف زێدان یان هەر بابایەکی دی، هەرچی بڵێت لەسەر کورد، ڕای خۆیەتی، دەبا بهاتبا و لە پێشانگە دوو قسەی کردبا و دوو کوردەبۆریش دوو بۆچوونی جیاوازی خستبا ڕوو، یان ڕاستەوخۆ گلەیی و ڕەخنەکانیان ئاراستە کردبا و بیانخستبا ناو مەوقیف، نەک بەو شێوازە نامەدەنییە ڕێگریی لێ کرابا.

کورد هەموو شتێک بێت، مەدەنی نییە. هەتا تاکی کورد مەدەنی نەبێت، نابینە دەوڵەت. پێویستە ببینە دەوڵەتێک کە تاکەکانی بزانن گفتوگۆ بکەن، نەک جنێوفرۆش و ئاست نزم و بێ سەواد بن.

کوڕە کورد هەتا ئێستە نازانن ترومبێلی باژۆن، چ جای گفتوگۆیەکی مەدەنی. ئێ مادام نازانی مەدەنیانە باژۆی، ناشزانی ڕەخنە و ڕای جیاواز چییە. لە ڕووی ڕەخنە و مەدەنییەتەوە، ڕۆشنبیرانمان خراترن لە عەوام.

کورد بەوە نابێتە شت، ڕۆشنبیرێکی عەرەب دان بە کوردبوونی سەڵاحەدیندا بنێت. کورد پێویستی بەوشیارییە، بەبنیاتنانە، بەژێرخانە، بەڕێگەوبانە، بەکارەبا و ئاو و غاز و بەنزینی بەردەوامە. پێویستی بەسیستەمێکی پرۆفێشناڵی بانکییە، نەک بەسەڵاحەدینی ئەیوبی. هەموو جارێ لە دۆخێکی وادا، پێکەنین و گریانم دێ بۆ کورد، بەزەییم بەئەقڵی ئەو ڕۆشنبیرە نەدیوبدییانە دێت. ●

## هەولێر

# گەشتیارانی عێراق و ئێران کۆ دەکاتەوە

لە ماوەی پشووی جەژنی ڕەمەزاندا، هەولێر ڕووگەی گەشتیارانی عێراق و ئێران بوو، تەنها لە پێنج ڕۆژدا پێشوازیی لە زیاتر لە ٧٦ هەزار گەشتیار کرد لە شارەکانی عێراقەوە، هەزاران گەشتیاریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێرانەوە.



وێنەکان: محەمەد شوانی



**زیرەک تاریق**

بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری هەولێر بڵاوی کردەوە ژمارەی گەشتیاران لە ٢٧ی ئادارەوە تا ١ی نیسان گەیشتووەتە ٧٦ هەزار و ٦٥٤ کەس، زۆربەی گەشتیاران لەلایەن لێژنەی تایبەتەوە لە بازگەکاندا پێشوازییان لێ کراوە.

نەریمان فازڵ، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشتوگوزاری هەولێر بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند ئەمساڵ پشووەکانی جەژنی ڕەمەزان و نەورۆز هاوکات بوون، ئەمەش وای کرد ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بێن، بۆیە لە هەفتەیەکدا زیاتر لە ٩٠ هەزار گەشتیار گەیشتوونەتە هەولێر.

هەولێر بووەتە ناوەندێکی گرینگی گەشتیاری لە ناوچەکەدا، لەلایەکەوە بەهۆی جوانی و پێشکەوتنی خێرای شارەکە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو ئارامی و ئازادییەی لەسەر ئاستی ناوچەکەدا نموونەی کەمە، سەرباری سەدان هۆتێل و چێشتخانەی ناودار و شوێنی بەسەربردنی کاتی خۆش و پشوودانی وەکو پارکە گەورەکان و یاریگەکانی منداڵان. ئەبو عەلی حوسێن تەمەن ٤٩ ساڵ، باوکی سێ منداڵە، لە ناوەڕاستی پارکی هەولێر، لە بەردەم قەڵات خەریکی تۆمارکردنی ڤیدیۆ و وێنەی یادگارییە، لە ناوچەکانی خوارووی عێراقەوە هاتوون و بۆ ماوەی هەفتەیەک دەمێننەوە، ئەمە دووەم جاریەتی لەگەڵ خێزانەکەی بێتە هەولێر و دەڵێ «یەکەم جار دوو ساڵ لەمەوبەر هاتین، ئێستە بڕیارمان دا دووبارە بگەڕێینەوە، چونکە هەولێر شارێکی ئارام و جوانە. خەڵکەکەی میواندۆستن و خزمەتگوزارییەکان باشن، لێرە هەست بە ئاسوودەیی دەکەین».

ئاماژەش بەوە دەکات کە لەو گەشتەیدا هەستی کرد هەولێر لە چاو دوو ساڵی ڕابردوو زۆر گۆڕاوە و زیاتر پێشکەوتووە، دەشڵێ «زۆر سەرسامی جوانیی هەولێرم».

هەولێر ئێستە شارێکی گەشتیاریی چوار وەرزەیە، بەڵام وەرزی هاوین گرینگی و تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، بەهۆی ئەوەی لە سنووری پارێزگای هەولێر ناوچەی گەشتیاریی هاوینە زۆرن.

جگە لە گەشتیارانی عێراق، لە وڵاتانی دراوسێشەوە هاتوون، موژگان ڕەزایی گەشتیارێکی ئێرانییە و خەڵکی تەورێزە، لەگەڵ هاوسەرەکەی کە خاوەنی کچ و کوڕێکن، لە هەولێر بوون، سەرسامیی خۆی بەجوانی و ڕێکوپێکیی هەولێر دەردەبڕێ. دەڵێ لە ئێرانەوە زانیارییان لەسەر کوردستان هەبوو، بەڵام کاتێک هاتن شارێکی پێشکەوتووتریان بینی لە چاو ئەوەی پێشبینییان دەکرد.

موژگان بەبزەیەکەوە سەیری هاوسەرەکەی کرد و گوتی بیر لەوە دەکەنەوە بە یەکجاری بێنە هەولێر و نەگەڕێنەوە ئێران.

بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیار بازاڕەکان دەبووژێنێتەوە، محەمەد ئیدریس دوکاندارێکی جلوبەرگی ئافرەتانە لە مۆڵێکی هەولێر و لە جەژندا فرۆشیان زیادی کردووە، دەڵێ گەشتیار پارە خەرج دەکەن، بەشێکیان دیاری لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە.



عەبدولباسیت فەرهادی

# سواڵکەرەکەی عەممان

ساڵی ٢٠٠٥ گرووپێک بووین لە بەڕێوەبەری گشتی و شارەزا و ڕاوێژکارانی سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان لە فڕۆکەخانەی هەولێر یەکەم گەشتی ڕاستەوخۆمان بۆ وڵاتی ئەردەن کرد، پێشتر هەر فڕۆکەیەک لە فڕگەی هەولێر بۆ گەشت فڕیبا دەبوایە بچێتە فڕۆکەخانەی بەغدا لەوێڕا گەشتەکەی دەست پێ کردبا لە گەڕانەوەش بە هەمان شێوە.

گرووپەکە لە خولێکی کارگێڕیی پڕۆژەکان بەشدار بووین کە زۆر سوودبەخش بوو بۆ ماوەی دوو هەفتە وانەکان و جێبەجێکارییە پراکتیکییەکانمان خوێند.

زۆربەمان پێشتر عەممانمان نەدیتبوو، ئێواران دەگەڕاین و سەردانی شوێنە کۆن و شوێنەوار و بازاڕەکانمان دەکرد، ئەو کات لە کوردستان هیچ مۆڵ و بازاڕێکی هاوچەرخ نەبوو، حاجی شەهاب وەک نوێنەری شارەوانی کە ئەو کات ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر بوو، لەگەڵمان بوو. کە سەردانی (ئەلغەرید) مۆڵ و مەککە مۆڵمان کرد زۆر پێیان سەرسام بوو، هەر لەوێ بڕیاری دا مۆڵێکی گەورەی هاوشێوەی ئەوانە لە هەولێر بکاتەوە. ئەوە بوو کە گەڕاینەوە (نازە مۆڵ)ی لە هەولێرێ وەکو یەکەم مۆڵی مۆدێرن لە کوردستان، بنیات نا.

لە ماوەی ئەو دوو هەفتەی مانەوەمان لە عەممان تێبینیی چەند خاڵێکمان کرد. ئەو کات لە کوردستان نائارامی و پشێوی و دیاردەی چەکهەڵگرتن و حەفتاوپێنجی و ئارپیچی زۆر زەق و ئاشکرا بوو. کەس نەیدەوێرا ترومبێلی لەبەر دەرگا بەجێ بهێڵێ، کەچی لەوێ شەوانە لەسەر جادە و ناو کوچە و کۆڵانەکان سەدان ترومبێلی مۆدێل جیاوازت دەبینی وەستابوون، هەندێکیان جامیشیان دانەخرا بوو، کەچی کەس بەلایاندا نەدەچوو، سەرەڕای هەژاریی خەڵکەکەی، سەرەڕای کەمی و دەگمەنیی ژمارەی پۆلیس لەناو شارەکە.

ئەردەنییەکان زۆر گوێڕایەڵی یاسا بوون. گەنجێکی دیان کە ئەندازیار بوو لە یەکێک لە فەرمانگەکان، زۆربەی ئێواران بە ترومبێلەکەی بەکرێ لەگەڵمان دەبوو، زانیمان مووچە لەوێ زۆر کەمە بۆیە فەرمانبەران کارێکی دیکەیان دەکرد تا پێی بژین. لە ماوەی مانەوەمان لەوێ بەتایبەتی کە زانیمان ژیان و گوزەران سەختە، چاومان دەگێڕا کەچی کەسمان نەدۆزییەوە دەرۆزە (سواڵ) بکات. تاکە سواڵکەرێکمان لە (وسـ× البلد) نزیک شانۆی ڕۆمانی بینی بۆمان دەرکەوت ئەو تاکە سواڵکەرەش عەرەبی خوارووی عێراق بوو لەوێ سواڵی دەکرد.

کە لە ئەندازیارەکەم پرسی سەرەڕای هەژاری و کەمدەرامەتی، چۆنە سواڵکەرتان نییە؟ لە وەڵامدا گوتی: جەلالەتی مەلیک ناهێڵێ ئێمە ببینە سواڵکەر و لە جیاتیی ئێمە سواڵمان بۆ دەکا، چونکە ئێمە نەوت و پیشەسازی و کشتوکاڵمان نییە. کەچی سەدام حوسێن سەرەڕای ئەو هەموو خێروبێرەی عێراق، وای کرد هەندێ عێراقی فێری سواڵکردن بن

## 70%ی پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرای ئاو تەواو بووە

# ملیۆنێک کەس لێی سوودمەند دەبن



وێنەکان: هێمن گرووپ

هێمن بابان ڕەحیم

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە نزیکەی ٥٠٠ ملیار دینار بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە خەرج دەکات، بەپێی ڕووپێوییەک کە ساڵانی پێشوو ئەنجام دراوە، لە کوردستان نزیکەی ٤٢٪ی ئاوی خواردنەوە بەفیڕۆ دەدرێت، بڕیاریشە بۆ نەهێشتنی کێشەی کەمئاوی، لە مانگی تەممووزی ئەمساڵەوە بەشی یەکەمی پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرا لە هەولێر بکەوێتە کار.

### ساڵانە 500 ملیار لە ئاو خەرج دەکرێت و 40%ی بەفیڕۆ دەدرێت

ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان لەبارەی بەفیڕۆدانی ئاوی خواردنەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە لە نێوان ٤٥٠ بۆ ٥٠٠ ملیار دینار خەرجیی لێ دەکات وەکو ئاماژەی بۆ دەکات، بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند «هەرێمی کوردستان دوو سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوەی بۆ دانیشتوان هەیە، ئاوی ژێرزەوی کە لە ڕێگەی ٥٤٠٠ بیرەوە دابین دەکرێ و ٥٠٪ی ئاو دابین دەکات، لەگەڵ ئاوی سەرزەوی لە ڕێگەی زیاتر لە ٩٠ پڕۆژە و سەدان کانییەوەیە ڕێژەی ٥٠٪ی دابین دەکات.» هەروەها ڕۆژانە لە نێوان دوو ملیۆن و ٤٠٠ تاوەکو سێ ملیۆن و ١٠٠ مەتر سێجا ئاوی خواردنەوە بەرهەم دەهێنن بەگوێرەی وەرزەکان دەگۆڕێت، واتە بەتێکڕا هەر تاکە کەسێک ڕۆژانە ٤٥٠ تاوەکو ٥٠٠ لیتر ئاوی بەردەکەوێت، بەڵام پێویستیی ڕۆژانەی هەر تاکە کەسێک ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ لیترە، کەواتە هەر تاکێک نزیک دوو هێندە ئاو لە پێویستیی خۆی زیاتر بەکار دەهێنێت، لە کۆی گشتیدا ٣٠ تا ٤٢٪ی ئاوی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان بەفیڕۆ دەدرێت.

ئەو بەرپرسە بە نیگەرانییەوە دەڵێت ئاو ماف و سامانی نەوەکانی داهاتووشمانە، بۆیە (ڕێکخستنەوە، هۆشیارکردنەوە، هاوئاهەنگی لە نێوان حکوومەت و هاووڵاتیان) بەپێویست دەزانێت بۆ ڕاگرتنی ئەو (خوێنبەربوونە)ی ئاو. هەروەها شووشتنی بەردەرگا، ئۆتۆمۆبێل، ئاودانی هەڕەمەکیی باخچەکان، لیک و شکان و لێچوون لە شێرە و بۆڕییەکانی ئاوی ماڵان، نەبەستنی پێوەر و تەوافەی ئاو لە دیارترین هۆکارەکانی بەفیڕۆدانی ئاو ناودەبات و دەڵێ "ئامێرەکانیش هۆکارن و دەکرێت ئامێری ئەوتۆ بکڕدرێت کە ئاوی کەمتر خەرج بکات، بۆ نموونە جلشۆرەکان."

بەگوتەی ئەو بەرپرسەی ئاو و ئاوەڕۆی کوردستان حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە ساڵانە ٤٥٠ تا ٥٠٠ ملیار خەرج دەکات و پشتیوانیی نرخی ئاویش دەکات، لە چوار ساڵی ڕابردووشدا ساڵانە تەنیا ٤٢ تاوەکو ٦٣ ملیار دینار کرێی ئاو لەلایەن هاوبەشانەوە دراوە.

### مانگی تەمووز یەکەم قۆناخی چارەسەریی کەمئاویی هەولێر دەست پێ دەکات

ساڵانە لەگەڵ وەرزی هاوین و گەرما کێشەی کەمئاوی لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان سەرهەڵدەدات، شاری هەولێر دیارترینە، بۆ چارەسەری ئەو بابەتە ڕۆژی ٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی بەناوی «پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرای ئاوی هەولێر»ی دانا کە وا دەکات هەولێر بۆ ٣٠ ساڵی داهاتوو (تا ساڵی ٢٠٥٥) کێشەی ئاوی خواردنەوەی نەبێت.

پڕۆژەکە بە گوژمەی ٤٧٩ ملیۆن دۆلار لەلایەن گرووپی (کۆمپانیاکانی هێمن)ەوە جێبەجێ دەکرێت، زیاتر لە ٨٠ گەڕەک کە کۆی دانیشتوانیان نزیکەی یەک ملیۆن کەس دەبێت لێی سوودمەند دەبن.

بڕیارە لە کەمتر لە ٥٥٠ ڕۆژ تەواو بکرێت، لە ڕێگەیەوە ڕۆژانە ٤٨٠ هەزار مەتر سێجا ئاو دەپاڵێورێت، هەر کاتژمێرێک ٢٠ هەزار مەتر سێجا ئاوی خاوێن بۆ گەڕەکەکانی شاری هەولێر دابین دەکرێت.

پڕۆژەکە ئاو لە زێی گەورەوە بۆ ناو شاری هەولێر دەگوازێتەوە، بە چوار هێڵی سەرەکی بۆ گەڕەکەکانی کەوتوونەتە نێوان هەردوو شەقامی ١٢٠ مەتری و ١٥٠ مەتری، درێژیی بۆڕییەکانی پڕۆژەکە زیاتر لە ٢١٠ کیلۆمەتر دەبێت.

بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان لەبارەی پڕۆژەکەوە کە پێشبینی دەکات بەشی یەکەمی لە مانگی تەمووزی ئەمساڵ بکەوێتە کار، ڕوونی دەکاتەوە: پڕۆژەکە وێستگەیەکی سەرەکیی وەرگری ئاو (Intake)ی لە نزیک ناحیەی کەورگۆسک دەبێت و لە ڕێگەی دوو هێڵی ١٦٠٠ ملیمی ئاو دەگەیێندرێتە وێستگەی پاڵاوتن لە نزیک گوندی گاینج و پاشان بە دوو هێڵی دیکەی ١٥٠٠ ملیمی ئاوەکە ڕادەکێشرێت تاوەکو کۆمەڵگەی سێبیران کە هێڵی دابەشکردنی سەرەکیی لێ دەبێت، لەو وێستگەیەوە لە ڕێگەی چوار هێڵەوە ئاو دەگەیێندرێتە ناو شاری هەولێر کە بەم شێوەیەن:

هێڵی شەقامی ١٥٠ مەتری: لە گوندی ڕەشکین تاوەکو گەزنە و بەحرکە و شەقامی پیرمام و شەقامی کۆیە دەبێت.

هێڵی پێش فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر: تیرەی ٨٠٠ ملیمییە لە شەقامی ڕەشکینەوە تاوەکو عەنکاوە و شەقامی پیرمام دەگرێتەوە.

هێڵی دیوی ناوەوەی شەقامی ١٢٠ مەتری: بۆڕییەکە ٨٠٠ ملیمە لە ڕەشکینەوە تا شەقامی مووسڵ و مەخموور و کەرکووک دەبێت.

هێڵی دیوی دەرەوەی شەقامی ١٢٠ی: تیرەی بۆڕییەکەی ١٢٠٠ ملیمە لە شەقامی ڕەشکین تاوەکو شەقامی مووسڵ و شەقامی مەخموور تاوەکو دەگاتە شەقامی کەرکووک و شەقامی کۆیە.

لەگەڵ ئەو پڕۆژەیەدا هێڵە سەرەکییەکانی نێو شاریش پێکەوە دەبەسترێنەوە کە ئەویش پڕۆژەیەکی گەورەیە و بەدرێژیی ٤١١ کیلۆمەتر لەلایەن کۆمپانیای کەیوانەوە جێبەجێ دەکرێت.

پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرا، ئێستە ٧٠٪ی کارەکانی تەواو بووە، بڕیارە لە مانگی تەمووزی ئەمساڵ بەشی یەکەمی بکەوێتە کار و ئاو بگەیێندرێتە ئەو گەڕەکانەی دەکەونە سنووری شارەوانییەکانی چوار، پێنج، شەشی هەولێر.

هەروەها بڕیارە لە کۆتاییی مانگی ١٠ تاوەکو ناوەندی مانگی ١٢ی ئەمساڵیش هێڵەکەی دیکە بکەوێتە کار و ١٠٠٪ی پڕۆژەکە تەواو ببێت.

٩٠٪ی کارە شارستانییەکان و ٥٠٪ی کارە میکانیکییەکان و ٦٥٪ی کارە کارەباییەکانی پڕۆژەکە تەواو بوون، وەکو ئاری ئەحمەد ئاشکرای دەکات.

لە هەولێر بیرەکان یەکێکن لە سەرچاوەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە کە ژمارەیان ١٣٧٠ بیر دەبێت، بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە ئەو بیرانە دادەخرێن و ئاستی ئاوی ژێرزەوی زیاد دەکات و پارێزگاریی لێ دەکرێت.


وێنە: گەیلان حاجی

خاتوونێکی خوێندەواری هەولێرییە، چوونی بەناو تەمەندا نە پیری کردووە نە لە قسە خۆشەکانی کەم کردووەتەوە، ساڵی ١٩٤٠ لە قەڵاتی هەولێر لەدایک بووە و بە ڕەچەڵەک بەگزادەی گوندی تووتمەی دۆڵی بالیسانێی خۆشناوەتییە، زۆربەی ژیانی لە بەغدایش بەسەر بردووە.

# فیکرەت خان: خەرك بەشەهید مەئموونیان دەگۆت چ ئیشت بەکوردایەتییە؟

گڵکەند

فیکرەت خان خوشکی بچووکی شەهید مەئموون دەباغە، لەو دیدارەی (گڵکەند) باسی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دەکات، کە یەکێک لە دەوڵەمەندترین بنەماڵەکانی ئەو کاتی هەولێر و عێراقیش بوون، ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن برا گەورەکەی بەپێچەوانەی بنەماڵەکە، ڕووی لە کوردایەتی کرد و ژیانی لە پێناو تێکۆشان بۆ کوردستان تەرخان کرد.

فیکرەت خان ساڵی ١٩٦٤ بەشی کۆمەڵناسیی لە زانکۆی بەنات لە بەغدا خوێندووە و قوتابیی عەلی وەردی زانای کۆمەڵناسی عێراقی بووە، دوای تەواوکردنی خوێندن، ساڵی ١٩٦٦ وەک ژمێریار لە دامەزراوەیەکی بازرگانی لە بەغدا دەستبەکار بووە

ئەگەرچی بەشی زۆری ژیانی لە ١٩٦٠ەوە تا ٢٠٠٧ لە بەغدا بەسەر بردووە، بەڵام بەراورد بەو ژیانەی و هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ پیاوێکی عەرەب، بەکوردییەکی پاراو قسە دەکات. هەروەها وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، لە منداڵییەوە حەزی لە شانۆ و هونەر بووە. لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر، بەردەوام بەشداریی شانۆگەرییەکانی قوتابخانەی کردووە، ڕەنگە یەکەم کچە هەولێرییش بێت لە مێژوودا کە لە دەرەوەی هەولێر نواندنی کردبێت، بەوەی ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا بەشداریی شانۆگەریی کاوەی ئاسنگەری کرد

فیکرەت دەباغ باسی ڕۆژی پێشکێشکردنی شانۆگەرییەکەی دەکات و دەڵێ "لە بەشی ناوەخۆیی بووم، دەبوایە بچمە هۆڵی خولد بۆ ئەوەی ماکیاژم بۆ بکرێ تاوەکو ڕۆڵی دایکی کاوەی ئاسنگەر بگێڕم. لە ناکاو باوکم سەردانی کردم. پێم گوت ئاهەنگێک لە هۆڵێک هەیە و دەمەوێ بچم، پێی گوتم نەچی، ئەوانە شیوعین و تووشی کێشە دەبی. دوای ڕۆیشتنی باوکم، بەپەلە لەگەڵ عەبدولباقیی برا گەورەم چووم بۆ هۆڵەکە و بەشداریی شانۆگەرییەکەم کرد".

ئەو کاتەی فیکرەت دەباغ پۆلی یەکی ناوەندی بووە، باوکی لە قوتابخانە دەری هێناوە. بەڵام دوای چەند ساڵێک بەپێداگریی خۆی، گەڕاوەتەوە خوێندن، ئەو بەم شێوەیە گێڕایەوە "لە یەکی متەوەستەی بابم لە مەکتەبێی دەرهینام و گۆتی هەرچت دەوێ لە مارومولک بەناوت دەکەم". دەشڵێ لە وەڵامدا پێی گوتووە هیچی ناوێ بەس لێی بگەڕێت خوێندن تەواو بکات. دواجار باوکی ڕازی کردووە، بەو مەرجەی بۆ خوێندن نەچێتە بەغدا، کەچی کاتی چوونە زانکۆ، باوکی بەوەش ڕازی بووە کە بچێتە زانکۆی بەغدا.

بنەماڵەی فیکرەت دەباغ خاوەنی یەکەم بەنزینخانە بوون لە هەولێر، یەکەم کارگەی بەفر و یەکەم کارگەی بەرهەمهێنانی ئاردیشیان هەبووە. بەردەوام دەیان کرێکار و خزمەتگوزار لە ماڵ و



شوێنی کارەکانیان خزمەتیان کردووە. وەک فیکرەت خان باسی دەکات، شەهید مەئموون کەسێکی تەواو جیاواز بوو لەناو بنەماڵەکەیان و کوردایەتی تاکە ئامانجی ژیانی بوو.

لەلایەکی دیکەوە خاتوو فیکرەت باسی نازناوی دەباغی کرد لە کاتێکدا ئەوان چەلەبی بوون، لەم بارەیەوە دەڵێ بنەماڵەکەیان جگە لە بازرگانییەکانی دیکە، پێستەی ئاژەڵیشیان خۆش دەکرد و دەیاننارد بۆ بەریتانیا بۆ بەرهەمهێنانی جانتا و کەلوپەلی دیکە، لەوەوە نازناوی دەباغ بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەیان زیاد بوو.

مانگی ڕابردوو دەزگای کولتووریی یاد، لە هەولێر بۆنەیەکی گەورەی بۆ یادکردنەوەی شەهید مەئموون دەباغ ڕێک خست، لە میانی بۆنەکەدا ڕێدار سابیری شاعیر و نووسەر میوانداریی خاتوو فیکرەتی کرد، تا باسی کەسایەتی و ڕۆڵی شەهید مەئموونی برا گەورەی بکات. لەوێ ئاماژەی بەوە دا کە کاتی خۆی بە هاندانی شەهید مەئموون بووەتە ئەندام و کادیری یەکێتیی قوتابیان، بەرپرسی قوتابییە کوردەکانی زانکۆی بەنات بووە، هەروەها بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕێکخستنی نهێنی بووە و کاری بۆ پارتی کردووە.

ئەو خوشکەی شەهید مەئموون دەباغ ئاماژەی بەوەش دا کە لەو کاتەی مەئموون دەباغ خەریکی کاری ڕێکخستن و کوردایەتی بووە، ژنێک پێی گوتووە چ ئیشت بەکوردایەتییە؟ دەتەوێ ببیە وەزیر؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی پێویستی بە پلە و پارە نییە، بۆ کوردستان سیاسەت دەکات.

شەهید مەئموون هاشم حاجی عەبدولقادر چەلەبی دەباغ ساڵی ١٩٣٦ لە قەڵاتی هەولێرێ لەدایک بووە. لە منداڵییەوە هەستی بە ستەمی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان کردووە و لە یارییەکانی سەردەمی منداڵیشدا لەگەڵ خوشکەکانی، ڕۆڵی پێشمەرگەی دەدا خۆی. لە ساڵی ١٩٤٩ قۆناغی خوێندنی سەرەتاییی لە قوتابخانەی دووەمی هەولێر تەواو کردووە، لە خوێندن بەردەوام بووە تا گەیشتووەتە قۆناغی سێی کۆلێژی ماف لە زانکۆی بەغدا.

بنەماڵەی شەهید مەئموون دەباغ یەکێک بوون لە بنەماڵە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەوکات، یەکەمین ئامێرە کارەباییەکان لەسەر دەستی ئەندامانی بنەماڵەی دەباغ هێنراونەتە هەولێر. بەهۆی هەستی کوردایەتییەوە، دوای کودەتای بەعسییەکان بەسەر ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣دا، پەیوەندیی بەشۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە. لەبەرئەوەی دوو ساڵ لە کۆلێژی ماف بوو، بڕیار درا بکرێتە حاکمی شۆڕش، بەڵام حاکمایەتیی نەکردووە، چەکی خستووەتە شانی و بووەتە پێشمەرگە، هەر ئەو ساڵە شەهید بووە.


هەرچەندە چاوی کز بوو، بەڵام خوێنەرێکی ڕژد و دۆستی کتێب بوو، بەردەوام هاتوچۆی چاپخانەی کوردستانی دەکرد و گیو موکریانیی خاوەنی چاپخانەکەش، بەردەوام ئەو کتێبانەی بۆ دابین دەکرد، کە ناوەڕۆکەکانیان دەربارەی کوردایەتی بوون.

وەک هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی باسی دەکەن، شەهید مەئموون دەباغ کادیرێکی چالاک و زیرەک بووە لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو کاتەی ویستوویەتی ببێتە پێشمەرگە، هەڤاڵەکانی پێیان گوتووە تۆ لە ڕێکخستن بمێنیتەوە باشترە، چونکە کەسێکی سەرکەوتوو و ناوازە بووە لە ڕێکخستن.

ئەو کاتەی لە هەولێر کاری ڕێکخستنی بۆ پارتی کردووە، بەشداریی چالاکییە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی کردووە و لە ساڵی ١٩٥٦یش یەکێک بووە لەوانەی ئاهەنگی نەورۆزی لە نزیک کارێزی کەسنەزان و لە ساڵی ١٩٥٨یش لە بەحرکە ڕێک خستووە. ئەو کەسانەی لە مەئموون دەباغەوە نزیک بوون، باس لەوە دەکەن کە چەند کەسێک کاریگەرییان لەسەر چەکەرەکردنی هەستی کوردایەتی لای ئەو هەبووە، لەوانەش حەیدەر حاجی هەمزە، کە ڕێکخستنی یەکێتیی قوتابیان بووە و باوکیشی لای باوکی مەئموون دەباغ کاری کردووە، هەروەها گیو موکریانییش کاریگەری گەورەی لەسەر هەبووە.

جگە لەوانە، مەئموون دەباغ سوودی لە قسە و باسی گوندنشینان وەرگرتووە، کە بۆ کاری پێستە بەردەوام سەردانی هاشم دەباغی باوکیان دەکرد و گفتوگۆیان لەبارەی ڕەوشی ژیان و سیاسەت دەکرد. ●

## 300 لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

# گوادالوپێ

ساڵی ١٩٩٦ کوردستان خۆش نەبوو، باس هەر باسی شەڕی ناوەخۆ، گەمارۆی ئابووری، هەڕەشەکانی شەڕ بوو.

بابەتی ناخۆش، تراژیدیا، خوێناویی زۆرم لەناو دەفتەرە بەرگ ڕەشە گەورەکەم نووسیبوونەوە، لەو ساڵانە ڕۆژانە ئەوانەم دەنووسی، نووسینەکان ماون؛ زۆریان تاڵ، تفت، ناشیرین، نارەوا، شیاوی گێڕانەوە نین! چ بکەین ئەوانە هەبوون، هەر لە دەفتەرەکەی زۆریان بڵاوکردنەوەیان خۆش، باش، گونجاویش نییە.

بۆ نموونە لاپەڕەیەکی دوورودرێژم بەحوبری ڕەش، لەسەر زنجیرە تەلەڤزیۆنییە مەکسیکییە فەنزویلییە ئەمریکییەکەی بەزمانی ئیسپانی، بەناوی گوادالوپێ ‹‹Gauadalupe››، لە ڕۆژی ١٩٩٦\٤\١١ نووسیوە.

دراماکە شەوانە لە کەناڵی ‹‹mbc››ی عەرەبی بەناوی "رهينة الماضي" نمایش دەکرا، لە هەموو کەناڵە لۆکاڵییەکانی یەکێتی، پارتی، پارێزگاران بۆ ماوەی چل دەقە بڵاو دەکرایەوە، چەند جاریش دووبارە دەکرایەوە.

دراماکە دیمەنی وروژێنەری زۆری تێدا بوو؛ سینگی ڕووت، سمتی خڕ، چاوی کەژاڵ، برۆی جوان، ماچی زۆر سینەمایی، دەستبازی تا دەستشکانیش.

هەموو جۆرە ڕەنگێکی وەنەوشەییی سیحراویی جلوبەرگ، پۆشاک، دیکۆری ناو کۆشک، کافتریا، ژوورەکانی نووستن، نیشانی خەڵکە داماوەکەیان دەدا.

هەموو ماڵێک پێکەوە؛ گەورە، گچکە سەیریان دەکرد، یەک بەشیان لە بیر نەدەکرد.

ئەگەرچی ڕێگەوبانەکانیش جەنجاڵ نەبوون، بەڵام لەبەر نمایشەکانی دراماکە ئێواران شەقامەکان چۆڵ دەبوون.

خەمی گەورەش ئەوە بوو، زۆر کارەبا دەبڕا، هەناسە، ڕووناکی، هیوای گەڕانەوەی نەدەما.

بەر لەوەی چاوەڕوانی دووبارەکردنەوەی بکەن، لە ڕادیۆ گوێیان لە دەنگە ناسکەکان دەگرت.

بەردەوام، بەتاسەوە، یەک بەشیان فەرامۆش نەدەکرد

بینەران بەقسەکان، دیمەنەکان، هەڵوێستەکانی؛ هەڵدەچوون، گەرم، تووڕەش دەبوون، بەڵام هەر سەیریان دەکرد.


شەوانە دانیشتن بەدیار دراماکە، شەوچەرەیەکی شیرین بوو، کەس دەنگی نەدەما، منداڵ نەدەگریا، چێشت دەسووتا، ئاگایان لە تەقەی شەڕەکان، گرانی، بێکارەبایی، دزییش نەدەما، ئەو دەمانە دزییش هەبوو.

مەلای مزگەوتەکان، پیرەکان، هەندێ لە ژنەکان دژی بوون، قسەیان لەسەری دەکرد، نوکتەیان بۆی هەڵدەبەستا، بەڵام زنجیرەکە نەدەپچڕا، ون نەدەبوو، لە بیر نەدەکرا، لەو ڕۆژگارە چ هەبوو خەڵک بخافڵێنێت، بوروژێنێت، هانی بدات، گەرم و ساردەش بکاتەوە.

دیالۆگی زنجیرەکە دۆبلاژی عەرەبی بوو، ئەوەی لە زمانەکەش تێ نەگەیشتبوایە، بە چاو، جووڵە، ناز، موزیکەکە تێ دەگەیشت، دەیزانی ئەکتەرەکان، بەتایبەتی ژنەکان چی دەڵێن، مەبەستیان چییە! دۆبلاژەکە، لەو دەمانە زۆر مایەی ئافەرین بوو، جوان کاریان بۆی کردبوو، تروسکاییی جوانی، ئەڤینی ناسک بوو، ‹‹گوادالوپێ››. ●

## فیلمێک هەرا دەنێتەوە

# بەڕازیلییەکەی تەعۆ سۆر بوو








گەنجەکی گەڕەکی بەستەپیازەی هەولێرێ لە کۆتای هەشتاکانەوە هەتا ناوەڕاستی نەوەتەکان ناوبانگەکی زۆری پەیدا کرد، کەتافەکی خاکیی بێ پشتێنی لەبەر دەکرد، لایەکی ڕوومەتی کوترا بوو، پرچی بۆ سەرەوە هەڵدەداوە و بەردەوام حەفتاوپێنجییەکی بەشانەوە بوو، بەو دواییە پاش تێپەڕینی سی ساڵ بەسەر کوژرانیدا، فیلمێک بەناوی (بەڕازیلییە شینەکە) بڵاو کرایەوە، گوایە باسی ئەو گەنجە دەکات و جارێکی تر ناوی خستەوە سەر زاران.

**هەژار مەجید**

ئەو گەنجە تەحسین موحسین بوو، ناسراو بە تەعۆی بەستەپیازە، کەسێکی مشتومڕ هەڵگر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەندێک جار بەتووڕە و شەڕانگێز، هەندێک جاریش بە هاوڕێیەکی بەوەفا دێتە باسکردن. لە پۆلی شەشی سەرەتایی وازی لە خوێندن هێناوە و ژنی نەبووە.

دوای ئەوەی وا بڵاو بووەوە کە ئەو فیلمە بەناوی (بەڕازیلییە شینەکە) پیشان دراوە، چیرۆکی تەعۆی بەستەپیازە دەگێڕێتەوە، ناڕەزاییی بنەماڵەکەی لێ کەوتەوە.

موخلیس موحسین ناسراو بە مخۆ بەستەپیازە برای تەعۆی بەستەپیازە، بۆ (گڵکەند) قسەی کرد و ڕەتی کردەوە ئەوەی لەو فیلمەدا پیشان دراوە، چیرۆکی ژیانی برا کوژراوەکەی بێت، بەڵکو گوتی "تەعۆ هەتا برێی زەلامەکی بەخیرەت بوو، لەسە خەرکی بەجواب دەهات و ناعەقیشی لە کەس قبوور نەدەکرد، لۆیە معەدەل بەشەڕ دەهات".

مخۆ بەستەپیازە کە ئێستە تەمەنی (٤٧) ساڵە و تەعۆی برای ساڵی (١٩٩٥) لە تەمەنی (٢٢) ساڵیدا کوژرا، باس لەوە دەکات برایەکەی پێش نەوەتەکان بەس بە چەقۆ شەڕی دەکرد، بەڵام دواتر وەک خۆی دەڵێ "پاش ئینتیفازەی لە معەسکەری سیلاعەکی حەفتاوپێنجیی هینا، دایموسعات پێی بوو، دەیویست تۆرەی خینی برایەکمان بکاتەوە، لە سوڵحی عەشایەری کوژرابوو".

تەحسین بە زۆری لە لای ماڵی خۆیان لە گەڕەکی بەستەپیازەی هەولێر دەبیندرا، بەو هۆیەوە بەستەپیازە کرایە پاشگری کورتکراوەی ناوەکەی، ئەو کەسانەی بینیویانە دەڵێن کەسێکی باڵا مامناوەندیی قژڕەش بوو، بەردەوام کالەی لیتۆنی سپیی لە پێ بوو، مخۆی براشی دان بەوەدا دەنێت کە شەڕەکانی تەعۆ بەستەپیازە لە ژماردن نەدەهاتن، چەندین جار گیرابوو، زۆر جاریش لێی درایە و پەنجەکی قرتابوو.

مخۆ ڕەخنە لە فیلمی (بەڕازیلییە شینەکە) دەگرێ و دەڵێ تووشی شۆکی کردوون، هەرچەند پێشتر لەم بارەیەوە ئاگەدار کرابوونەوە و دەرهێنەرەکە لەگەڵ برایەکی دیکەی قسەی کردووە، بەو مەرجە ڕێگەیان دابوو کە (شتی خراپ)ی تێدا نەبێت لەسەر براکەیان، بەڵام وەک مخۆ دەڵێ "دوایێ دیتمان فلیمەکە ئەوها نەبوو، لۆیێ لە مەحکەمەی شکایەتمان کردییە و دەمانەوێت قانوون ئەو سووکایەتییەی ڕابگرێ".

ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەرهەمهێنەری فیلمی (بەڕازیلییە شینەکە) ڕەتی کردووەتەوە باسیان لە تەعۆ بەستەپیازە کردبێت و بەهیچ شێوەیەک ناویشیان نەهێناوە. لە ڕاستیدا فیلمەکە باسی گرووپێک گەنجی شەڕانی دەکات کە لە دەوروبەری ساڵانی نەوەد لە هەولێر تاوانی کوشتن و ڕێگرییان ئەنجام داوە.

لە ساڵانی هەشتاکان تا کۆتاییی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو بەڕازیلی یەکێک بوو لە دیارترین ئۆتۆمۆبێلەکان لە کوردستان، مخۆ دان بەوەدا دەنێت کە فیلمەکە گوزارشت لە براکەی ناکات، چونکە تەعۆ بەڕازیلییەکی سۆری هەبوو نەک شین.


بەپێداگیریشەوە دەڵێ "ئەوان گۆتیان فلیمەکە بە درینگۆ دەبی، بەس شتی زۆر خراپی تێدا بوو، وەیان نیشان دا تەعۆی برام عایلەکی دەکوژی و دزی دەکا و قۆری عالەمێ دەبڕی".

مخۆ لە بارەی ژیانی تایبەتی تەعۆی براشیەوە دەڵێ "لە عەیاتی عەب و سیکۆتینی نەدەخوارد، بەس مەشروبی دەخواردەوە، عیلاقەی لەگەر کچان نەبوو، بەس کێ خۆی پێ خۆڕی با، شەڕی لەگەر دەکرد".

تەعۆی بەستەپیازە لە سناعەی هەولێر ڕوونی ئیستاپی دەفرۆشت، برادەری زۆری هەبوو، لەوانەش فەرهاد زیرەکی هونەرمەندی میللی کە دراوسێی یەکتر بوون، بەڵام بەگوتەی مخۆ، تەعۆ نەدەچووە گەعدەکانی وی. ●

---

## مێژووی هونەر لە هەولێر



**ئوسامە جەمیل**

# ڕۆڵی مەسیحی و جووەکان

بێجگە لە موسوڵمانەکان لە شاری هەولێرێ کۆمەڕەک جووی دەنگخۆش هەبوون، کە گۆرانی و مەقاماتیان دەگۆ، لەوانە: حسقیل قەساب، داود جەمۆ، نەسیم بازرگان و سلێمانە جوو، ئەوانە بە کوردی و عیبری و تورکمانی گۆرانی و مەقاماتیان دەگۆ، زەکی بارۆخیش ئامێری کەمانی لێ دەدا، لە زۆربەی بەستە و لاوکەکانی کاوێس ئاغای بە لێدانی کەمانچە بەشداری کردیە، یەعقوب عەزراش عودی لێ دەدا و هونەرمەند واحید مەرجان لە عەشقی وی فێرە عود لێدان بووە.

دەربارەی مەسیحییەکانی عەنکاوەی، ئەوان لە کۆنەوە ئاشنای گۆرانی و مۆسیقا ببوون، چونکە گۆرانی و تەراتیل بەشەکە لە سرووتی ئاینی مەسیحی لە کەنیسەکان، زۆربەی شەماشەکانی کەنیسە خاوەن دەنگەکی خۆشبوون و لە بۆنە ئاینییەکان گۆرانیان گۆتیە، هەندەکیشیان شمشارژەنی بەتوانا بوون، یێکەک لەوانە: مەتێ پەترۆس شابۆ عەزمەت بوو، لە سییەکانی سەدەی ڕابردی شمشاری لێ دایە و خاوەن دەنگەکی بەهێزیش بووە، بە سریانی گۆرانی گۆتیە و حەیرانیشی بە زمانی کوردی گۆتیە، داوایان لێ کردیە دەنگی لە گرامافۆن تۆمار بکات، بەرام خێزانی ڕازی نەبووە، لە ترسی ئەوەی نەکوو دەنگی لەناو ئەو ئامێرەی زیندانی بکرێ و ئیدی نەتانی نە گۆرانی برێ و نە قسان بکات.

پاش ساری ١٩٤٠ کۆمەرە گەنجەکی دەنگ خۆش لە عەنکاوەی سەریان هەردا و لە بۆنە و ئاهەنگەکان گۆرانییان دەگۆ، وەکی عتۆ شەمعون، شابۆ حنۆ هما ئەلمالح، عەبدولمەسیح پەترۆس ڕواله کۆندا و مەنسور تۆبیا، لە ساری ١٩٦٠یش عەبدولمەجید یەعقوب جبرائیل کلیانا دەستی بە گۆرانی گۆتن کردبوو، ئەو خاوەن دەنگەکی زۆر خۆش بووە، زۆر جار گۆرانییەکانی تاهیر تۆفیقی دەگۆتەوە، کۆمەرەک گۆرانیشی لە سەر کاسێتی تۆمار کردیە، لە ساری ١٩٧٠ بەرەو سەر کۆمەرەک گەنج دەرکەتن، فێری لێدانی ئامێری مۆسیقی بوون و لە ساری ١٩٧٣ یەکەم تیپی مۆسیقیان دامەزراند، لەوانە: حنا مەنسور، ئیلیا شەمعون، نیعمەت هورمز ئەلحەکیم، سەباح شەمعون، جەبار بەهنان، عیماد حنا، عەزیز سلێوا، عەزیز پەترۆس، ئەم گۆرانیبێژانەشیان لەگەر بوو: فەرید ئیسحاق کۆندا، حەبیب ئیسحاق شینا، سەمیر ئیسحاق و سالم شعیا. ●

# تابلۆ دەگمەنەکان

# لەماڵێکی هەولێر زیندوو دەکرێنەوە

لەناو دڵی هەولێردا، هونەرمەندێک ماڵەکەی کردووە بەئادگارێکی زیندوو بۆ چەندین سەدەی هونەری کلاسیک، دیواری پڕ شاکاری جیهانی بەقەبارەی جیاواز و جێشوێنی هەزاران فڵچە، چیرۆکێک دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی ناپلیۆنەوە تا سەنگەرە ئەفسانەییەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی دەگرێتەوە.



وێنەکان: ئارینا جەعفەر

ئارینا جەعفەر

ئێستە لە تەمەنی پەنجاساڵیدایە، بەڵام بەهەمان هەناسە و خولیای منداڵی کە بۆ وێنەی سەر گۆڤار و ڕۆژنامەکان هەیبوو، دەستوپلی ئاوێزانی فڵچەی فۆتۆشۆپەکەی دەکا و لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خەریکی تێکەڵکردنی ماستەرپیسەکانی جیهانە لە ڕێگەی کۆلاج ئارتەوە کە وەک خۆی دەڵێ پشت بە بنەماکانی قوتابخانەی ناپۆلینیا دەبەستێ و کار لەسەر ئەو تابلۆیانە دەکات کە بە کوالیتەی Bilind ڕاستەوخۆ لە مۆزەخانە جیهانییەکانەوە کە خاوەنی تابلۆ ڕەسەنەکانن دەستی دەکەون.

ئیسماعیل ساڵح دەیانساڵی تەمەنی بەسەر بردووە لە دووبارە دروستکردنەوە و داهێنانەوەی هونەری کلاسیکی ڕۆژئاوایی، ئەو کە ئێستە ماڵی لە گەڕەکی سەربەستیی هەولێرە و لە خانەوادەیەکی تا ڕادەیەک خۆپارێزە، دەڵێ زۆر جار فیگەرە ڕووتەکانی ناو تابلۆکان وەها دەگونجێنێتەوە کە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتیی شارەکەی و کەسوکاری بگونجێ، بۆیە جلوبەرگ یان پارچەیەک قوماش دەخاتە سەر جەستەی ڕووتی ناو تابلۆکان، ئەو توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش جوانکاری و هەستیاری کولتووری لەگەڵ یەکتریدا بگونجێنێ.



بەهۆی ئەو تابلۆیانەوە کە چەندین قەبارەی جیاوازیان هەیە و هەزاران کاتژمێری خایاندووە بۆ تەواوکردنیان، ماڵەکەی لە ماڵی کەسی دی ناچێت، کاتێک لە دەرگەی دیوەخانەوە دەچیتە ژوورەوە، هەست دەکەیت لە دەروازەی گەلەرییەکی تایبەت و دەوڵەمەند بە کاری ڕەسەنی هونەری باڵای کلاسیکدا دەچیتە ژوورەوە.

سێ لای دیواری دیوەخانەکە بەتەواوی بە تابلۆی کلاسیکی ڕازێندراوەتەوە، کە لە هەر لایەکدا هەست بەهارمۆنیایەکی تایبەت دەکەی، دەڵێی لەلایەن شارەزا و پسپۆڕانی مۆزەخانە ناودارەکانی ئیتاڵیا و فەڕەنسا لەگەڵ یەکتریدا گونجێندراون.

کە منداڵ بوو، جیاواز لە منداڵانی دراوسێ و کەسوکاری، هەموو حەزەکانی لە کۆکردنەوەی تابلۆدا چڕ کردبووەوە، ئیسماعیل سەرەتای دەربڕینەکانی ئەو خولیای بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگێڕێتەوە "هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە دە ساڵ، گۆڤاری کاروان و بەیان دەردەچوون، لە هەر پەڕەیەکدا باسی تابلۆیەک یاخود نیگارکێشێک هەبوایە، دەمبڕی و کۆم دەکردنەوە". دواتر کە فێری زمانی عەرەبی بوو، تابلۆ و بابەتە هونەرییەکانی ناو گۆڤاری (ئافاق عەرەبی) کۆ دەکردنەوە. وردە وردەش فێری وێنەکێشان بوو، بەڵام کەسوکارەکەی بەهۆی دینداریییەوە ئاسانکارییان بۆ نەکردووە و پێیان خۆش نەبووە لەگەڵ دنیای ئەفراندنی هونەریدا تێکەڵ بێت.

کاریگەریی بیرکردنەوەی ئەو کات هێشتا لە سەری ئیسماعیلدا ماوە، بۆیە ئەگەرچی ئەو دەستبەرداری خولیاکەی نەبووە و هەزاران کاتژمێری تەمەنی لەناو هێڵەکانی تابلۆ جیهانییەکاندا بەسەر بردووە و هونەر بووەتە شێوازی ژیانی، کەچی لەگەڵ تابلۆکاندا دەستوپلی نەرم نەکردووە، بێ ترس جلوبەرگ دەکاتە بەری بەشێک لە فیگەرە ڕووتەکان، بەڵام بەجۆرێک کە ئەگەر بینەر لێی ورد نەبێتەوە یان پێشتر تابلۆ ڕەسەنەکەی نەدیتبێت، ئەستەمە هەستی پێ بکات.

ڕەنگە بەدەوترین کاری ئەو هونەرمەندە ونە، ئەوەیان بێت کە بەبنمیچی هۆڵی ناوەوەی ماڵەکەیدا لکێندراوە، بریتییە لە کۆکردنەوەی زیاتر لە یەک هەزار کاری هونەری، پانۆڕامایەکی گەورەیە، پێنج مەتر بە مەترێک و نیو، لە ڕاستیدا ماوەی دوو هەزار و ٢٩ کاتژمێری تەواو کاری تێدا کردووە. ئیسماعیل بەدڵنیاییەوە دەڵێ تابلۆکە ئەو کاتەی دەویست، چونکە پڕە لە وردەکاری و ڕەنگی جیاواز، لە هەر سوچێکدا بابەتێک و تابلۆیەک دەبینی. نموونە بە کارێکی نیگارکێشی ئیتاڵی جۆردانۆ بۆرنۆ دێنێتەوە، کە پیاوێکە شمشێرێکی ئاگرینی بەدەستەوەیە، هەمان ئەو فیگەرە لە سووچێکی دیکەی تابلۆکەیدا بە شمشێرەوە دەبیندرێ کە کەسێکی لە بن پێیە، ئیسماعیل دەڵێ ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هێزی چاکە زاڵە بەسەر خراپەکاریدا. ●



# تەونەکانی یاد
# لە مافووری هۆزەکانەوە تا قەڵات

مافوور تەنها پارچەیەك کاری دەستی و چنراوێکی سادە نییە، بەڵکو گێڕەرەوەی شریتی مێژوو و حەکایەتی نەنووسراوەن، لە پەنجە و لەپی دەستی پێشینانەوە تاکو نەخش و نیگاری تەونکراوی بەجێماویان. هەر تێکستورێکی ئاڵۆز، ڕەنگێکی ئاڵ یان سێبەر و نەخشێك لەسەر مافوورێکی چندراودا، هەڵگری یاد و ڕووداوێکی نەگێڕدراوەیە، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ژیانی ئەوێ ڕۆژێی هۆزە کۆنەکان و دابونەریتی کۆچەرییەکان، بۆ پیرە قەراتی برند و ئەو خاکە قاوەیییەی لەناو خانووە قووڕەکاندا بەو مافوورە سۆرانە داپۆشرابوون.

دوریا ئازاد جندیانی

لە کاتێکدا گەشەی شار و گۆڕانی کۆمەڵایەتی گەلێک ئادگاری مێژوو کاڵ دەکەنەوە، هێشتا کەسانێک هەن دەست بە میرات و کەلەپوورەوە دەگرن، لەوانە کاوان کەریم، خوێندنەوەی هێڵەکانی تەون و نیگارەکانی بەرهەمی خەیاڵی پێشینانی کردووەتە ئامانجی ژیانی.

ئەو گەنجە کوردە کە توێژەری مافوورناسییە و خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرایە لە بواری تەون لە زانکۆی هونەریی تاران، لە ڕیشەی مافووری نەریتیی دەستچنی هەولێری کۆڵیوەتەوە کە کۆنترینیان بۆ قەڵات دەگەڕێنێتەوە، ئەو شارەزایە لە دیدارێکی (گڵکەند)دا باس لەوە دەکات کە چۆن بەری سەدان ساڵ، لە خانووەکانی قەڵاتدا بۆ داپۆشینی زەوی و هەندێک جاریش جوانکاریی دیوار، مافوور هاتووەتە بەکارهێنان.

کاوان کە خەڵکی شاری بۆکانی کوردستانە، ئێستە لە هەولێر خانەیەکی کۆکردنەوەی مافووری کۆن و چاککردنەوەیان و دواتریش فرۆشتنی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کردووەتەوە، بەلێکۆڵینەوە ئاشکرای کردووە کە لە سنووری هەولێر لە ناو قەڵات مافوور چنراوە، هەروەها لە ناوچە و گوندەکانی دەوروبەری هەولێر و لەلایەن هۆزە دوورەکانیشەوە مافوور چنراون و دواجار بۆ قەڵات هێنراون.

هەروەها باس لە کەرەستەکانی مافوور دەکات لە ڕابردوودا و بەداخەوەیە کە زانیاریی سنووردار لەم بارەیەوە لە پێشینانەوە بەجێ ماون، ئەمەش بەهۆی سروشتی ناوچەکەوە کە سەدان ساڵی ڕابردووی تژی شەڕ و ئاشووب بەڕێ کردووە، لە ئەنجامیشدا مافوور وەک هەر کەلوپەلێکی دەستکردی دیکەی مرۆڤ لەناوچوون.

بەپێی بۆچوونی ئەو شارەزایە، دیارترین و بەناوبانگترین جۆری مافوور لە هەولێر سەرەناز بووە کە شێوەیەکی لاکێشەیی هەبووە و بەردەوام نەخشە هونەرییەکانی سەری دووپاتە کراونەتەوە و بەتێپەڕبوونی کاتیش بوونەتە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی مافووری ناوچەکە، کەرەستەی سەرەکیی بەکارهێنراویش لە چنینی ئەو مافوورانەی هەولێر خووری بووە، هەندێک جاریش لۆکەی تێکەڵ کراوە.

هۆزی سیان باشترین جۆری مافووریان دروست کردووە، هەندێک جار بەرهەمەکانیان ڕەوانەی شارە گەورەکانی وەک بەغدا، تاران و ئیستەنبوڵیش کردووە، بەڵام هۆزەکانی دیکە زۆرتر مافووریان بۆ بەکارهێنانی خۆیان چنیوە نەک بۆ بازرگانی.

ئەو شارەزا کوردە باس لەوە دەکات کە تایبەتمەندییەکی دیاری مافووری نەریتیی هەولێر بەکارهێنانی ڕەنگی سوور و مۆری زیندووە. بە داخیشەوەیە کە زۆربەی مۆرەکان یاخود وەنەوشەیییەکان لە مافوورە کۆنەکاندا کاڵ بوونەتەوە، هەندێکیشیان تەواوی ڕەنگەکانیان لەدەست داوە. هەروەها ئەو مافوورانەی کە بەکەرەستەی سروشتی ڕەنگ کراون، ڕەنگەکانیان باشتر ماوەتەوە، بەڵام زۆربەی ئەم پارچانە ئێستە لە دەرەوەی کوردستان لەلایەن کۆکەرەوە بیانییەکانەوە هەڵگیراون. تەکنیکەکانی چنینی بەکارهاتوو لە مافوورەکانی هەولێر بەوە دەناسرێتەوە کە بەتەریبی چنراون، دوو گرێ لەسەر هەمان بەن بەستراون و تەریب دەردەکەون. دووەمیش چنینی نیوەتەریبە، کە هاوشێوەیە، بەڵام یەکێک لە گرێیەکان وەک نیوەگرێ دەردەکەوێت. ئەم ڕێگەیانە دەق و نەخشی تایبەت دروست دەکەن کە تایبەتن بەهەولێر.



وێنە: محەمەد دەرگەڵەیی

ڕێگەیەکی تر بۆ ناسینەوەی مافووری دەستچنیی هەولێر مۆتیڤەکانیانە. کاوان ئاماژە بەوە دەکات کە زیاتر لە ٥٠٠ مۆتیڤی جیاواز لەناو مافوورەکانی هەولێر هەن، لە دارەوە بگرە تا شێوەی ئاژەڵ و وێنەی مراوی و مریشک. جەختیش لەسەر گرینگیی لێکۆڵینەوە لەم مۆتیڤانە دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەکانیان. مافووری ناوچەکەش لە ڕووی جوگرافییەوە بۆ سەر تەونی شار و تەونی گوند و تەونی کۆچەریدا دابەش دەکات.

ئەو تەونناسە مافووری ناوچەی خۆشناوەتیش بەوە دەناسێتەوە کە لە ڕووی نەخشەوە قەرەباڵغترن لەچاو عەشیرەکانی تر، زۆر جاریش نەخشەکانیان تێکەڵ بەیەکتر کردووە، بۆیە دەڵێن مافووری کوردی قەرەباڵغە، هۆکارێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ هەمەڕەنگیی کولتووری کوردی. چونکە کورد بەهۆی هەمەڕەنگییە کولتوورییەکەیەوە ماوەتەوە.

هەروەها دەڵێ لە دوای هاتنی ئیسلامەوە، مافووری کوردستان لە شێوازی مینیماڵیستی و سادەیییەوە بازی داوەتە سەر شێوازێکی کولتووریی نوێ کە زیاتر لە سروشتی ڕووەکەوە نزیکە. بەهۆی سروشتیی جوگرافیی کوردستانیشەوە، لەجیاتیی وێنەی ئاژەڵ و مرۆڤ، وێنەی سروشتی گوڵ و گوڵزار و ڕووەکەکان هێنراوەتە ناو تێکستوری مافوورەکان.

لە مێژووی نزیکی کوردستانیشدا، تا درەنگ تەون و چنین وەک سەرچاوەیەکی ئابووری چاوی لێ نەکراوە، بەڵام کاتێک ژمارەیەک کارگەی پیشەسازیی چنین دامەزران، بەتایبەتی کە دوو کارگە لە هەولێر کرانەوە، مافوور کرایە سەرچاوەیەکی قازانج، بەڵام لەسەر نەخش و شێوازی مافووری تورکی و فارسی بەرهەم دەهێنران، چونکە داواکاریی زۆریان لەسەر بووە و لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەفرۆشران. بۆیە کاوان کەریم بەگشتی بازرگانیی مافوور لە هەولێر بەسەر دوو سەردەمی جیاوازدا دابەش دەکات، ئەوانەی پێش دامەزراندنی کارگەکان دروست کراون و لەگەڵ ئەوانەی دوای کارگەکان. پێی وایە ئەوانەی گرووپی یەکەم ڕیشەیان لە کولتووری ناوەخۆدا هەیە، بەڵام هی کارگەکان زیاتر بەهای ئابوورییان هەبووە تا کولتووری.

کۆنترین دەستەچن کە لە جیهاندا دۆزرابێتەوە پەزیریکە (Pazyryk)، بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ لە ڕووسیای ئێستە دۆزراوەتەوە. کاوان ئاماژە بەلێکۆڵینەوەی توێژەرانی بوارەکە دەکات کە پێیان وایە ئەو تەونە کاتی خۆی دیارییەک بووە لەلایەن یەکێک لە پادشاکانی ساکاکانەوە نێردراوە بۆ یەکێک لە پادشاکانی ناوچەکە. دەشڵێ ساکاکان بنەچەیان بۆ کورد دەگەڕێتەوە، چونکە پایەتەختەکەیان شاری سەقزی کوردستان بووە

## واریقات



عەزیزی مەلای ڕەش

## دوو واریقات

**یەکەم: کونەکەم قەپات کرد**

ڕۆژێک مەلایەکی ناودار و زانای دەشتی هەولێر دەچێتە گوندێکی خۆشناوەتی.

پیاوێکی زۆر زانا و سوحبەتچیی ئاواییەکە بەخەڵکەکەی دەڵێت:

- ئێستە ئەو مەلایەی بەقسەی تڕووهات دەشۆمەوە.

یەکێک لە خەڵکەکە مەلایەکەی باش دەناسی و دەڵێت:

- بۆ خوات پێ دەڵێم دەوت بگرە ئەگەرنا ئابڕووت دەبات.

کابرا ناسەلمێنێت و دەچێتە لای مەلاکە و دوای بەخێرهاتنی پێی دەڵێت:

- مەلا ساڵێک دەشتی هەولێر نەهات بوو خەڵکەکە گەورە و گچکە بە ماڵات و وڵاتەوە ڕوویان لە خۆشناوەتی کرد. کەچی ڕووبارێکی زۆر گەورە کەوتە پێشیان و نەیاندەتوانی بپەڕنەوە. منیش ناچار بۆ خاتری ئەوان هینی خۆم کردە پرد بۆیان بە سەلامەتی بەسەریدا پەڕینەوە.

مەلا یەکسەر گوتی:

- ڕاست دەکات و منیش یەکێک بووم لەو خەڵکە هەرکە دیقەتم دا سەری پردەکەی ئەوبەر کونێکی لەژێردایە و لە دڵەوە گوتم
- نەبادا لەو ماوەیەدا باران زۆر ببارێت و بگاتە کونەکە و پردەکەی بڕووخێنێت، ئەوسا ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە، چووم بەهینی خۆم کونەکەم قەپات کرد.

کابرا گوتی:

- وەڵا مەلا بابت هین کردم.

***

**دووەم: ئەگەر ماکەر بووایت.**

دوو برادەر یەکیان خەڵکی شار بوو و ئەوی تریش گوندنشین.

بە یەکەوە چوونە ماڵێکی دۆستیان.

لە دەرگەی ژووری ماڵەکە شانیان بەشانی یەکتر کەوت.

شارستانییەکە گوتی:

- ئەوە بۆ دەست بۆ دواوەم دەبەیت؟

ئەویش بەپێکەنینەوە گوتی:

- ببوورە من خەڵکی دەشتم فێرە دواوە نەبوومە. بەڵام ئەگەر تۆ ماکەر بووایت یەک بست لەسەرتم پاز نەدەدا.

# ژۆڕناڵی ئاوەز

# پڕۆژەیەک بۆ ئاوەزمەندی و ڕۆشنگەری

**عەبدولخالق یەعقووبی**

(سکرتێری نووسینی ژۆڕناڵی ئاوەز)

ژۆڕناڵی ئاوەز، لە چوارچێوەی پلانێکی گشتگیر بەناوی «پڕۆژەی ئاوەز»، بەپاڵپشتیی دامەزراوەی میدیایی کوردستان کرۆنیکڵ، هەر سێ مانگ جارێک لە هەولێری پایتەختەوە دەردەچێت و دەلاقەیەکە بەرەو ڕووی جیهانی نوێی هزر و مەعریفە و تیۆری. لەم ژۆڕناڵەدا نووسەران وەرگێڕانی لێهاتووی کورد ئاوڕ لە باس و بابەت و مژارە گرینگەکانی پەیوەندیدار بەکۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی دەدەنەوە. ئەم ژۆڕناڵە هەوڵ دەدات خوێنەرانی خۆی لەگەڵ باسوخواسە نوێیەکانی بوارگەلی جۆراوجۆری مەعریفە ئاشنا بکات و هانیان بدات پتر و وردتر لە بابەت دیاردەکانی جیهانی دەوروبەر بیر بکەنەوە و هەڵوێست وەربگرن. ژۆڕناڵی ئاوەز بەپشتگیریی دامەزراوەی زەنگین و چالاکی کوردستان کرۆنیکڵ هەوڵێکە بۆ بانگهێشتکردنی خوێنەرانی کورد بۆ سەر خوانی ڕەنگینی قەڵەمبەدەستانی ڕەسەن و خاوەن هزری کوردستان لە هەر چوار پارچەی نیشتمان.

ژۆڕناڵی ئاوەز («ئاوەز» لە زمانی کوردیدا بەواتای عەقڵ هاتووە) ژۆڕناڵێکە خۆی بۆ بوارە هزری، مەعریفی و تیۆرییەکان تەرخان دەکات و گرینگی بەهزری فەلسەفی و خوێندنەوەی زانستی و ڕاڤەکاریی ئاوەزمەندانە دەدات. ئاوەز لە کاتێکدا هاتووەتە نێو گۆڕەپانی نووسین لە بواری هزر و ئەندێشەوە کە لەناو جڤاکی کوردیدا یەک ژۆڕناڵ یا گۆڤاری فیکری — فەلسەفیی مکوڕ و جیدی لە ئارادا نییە و، کۆمەڵگەکە سیخناخە لەو هێزانەی دژی ئاوەز و دژی ئازادی و دژی زانست و فەلسەفەن. هەر بۆیە، ژۆڕناڵی ئاوەز چاوی لەوە بڕیوە ببێتە سەکۆیەک بۆ هەموو ئەو نووسەر و ئەکادیمی و بیرمەندانەی داکۆکی لە ئاوەزگەری و زانست و عەقڵانییەت و ڕۆشنگەری و ڕەخنەکاری دەکەن. هەر ژمارەیەکی ئەم ژۆڕناڵە لە سێ بەش پێک دێت: باس و لێکۆڵینەوە و تەوەرەی ژمارە و خوێندنەوەی کتێب. بەشی «باس و لێکۆڵینەوە» بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە و وتاری ڕەسەنی زانستی تەرخان دەکرێت. بەشی «تەوەرە» لە هەر ژمارەیەکدا لەسەر چەمکێک یان مژارێکی مەعریفی لەنگەر دەگرێت و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە و تا ڕادەیەکیش بەئاوڕدانەوەی لە دۆخی جڤاکی کوردی چەمک و مژاری بەرباس تاوتوێ دەکات. بەشی «خوێندنەوەی کتێب»یش هەر جارە و چەند کتێبێکی گرینگی بوارە جیاجیاکانی زانست و مەعریفە لەسەر ئاستی جیهانی، بەوردی شی دەکاتەوە و هەڵیان دەسەنگێنێت و بەخوێنەریان دەناسێنێت.

لایەنێکی دیکەی پڕۆژەی گشتگیری ئاوەز، بابەتی پشتگیریکردن و هاندانی هەمەلایەنەی پسپۆڕان و بیرمەندان و توێژەرانە. وەک نەریتێکی جیهانی و پەسندکراو، خەڵاتکردنی بیرمەندان و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکانی زانست و مەعریفە دیاردەیەکە لە جیهانی ڕۆژاوادا مێژینەی هەیە، بەڵام بەداخەوە لەنێو جیهانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و ئێمەی کورد بەتایبەتی، هێشتا بەتەواوی جێ نەکەوتووە و برەوی نەسەندووە. ئەگەر لە ئاستی جیهانیدا بڕوانین، بۆ نموونە، میدالیای جۆرج سارتن بەرزترین خەڵاتی نێودەوڵەتییە لە بواری مێژووی زانستەکاندا. ئەم خەڵاتە کە بەناوی توێژەری مێژووی زانست جۆرج سارتن (George Sarton) نراوە، لە ساڵی ١٩٥٥ەوە هەموو ساڵێک لەلایەن دامەزراوەی مێژووی زانست پێشکێش بەتوێژەرانی ئەم بوارە دەکرێت. یەکەم خولی ئەم خەڵاتە ساڵێک پێش کۆچی دوایی جۆرج سارتن پێشکێش بەخۆی کرا. کەسایەتییەکی بەناوبانگی دیکە کە ئەم خەڵاتەی بردووەتەوە فەیلەسووفی هەڵکەوتەی فەلسەفەی زانست و نووسەری کتێبی ناسراوی «پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان» تۆماس کووهنە.

لەم ڕوانگەیەوە، بەشێکی دیکەی پڕۆژەی ئاوەز، کە دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی هاندانی ڕاستەوخۆی توێژەرانی کورد و خۆشکردنی زەمینە بۆ کاری توێژینەوە، خەڵاتی ساڵانەی ئاوەزە. ئێمە پێمان وایە توێژینەوە وەک هەر کایەیەکی دیکەی کۆمەڵگە پێویستی بە هاندان و پشتگیریکردنە و، هەر بۆیە بەپاڵپشتیی مەعنەوی و مادیی دامەزراوەی میدیایی کوردستان کرۆنیکڵ، ساڵانە خەڵاتی ئاوەز بە دوو باشترین وتار دەبەخشرێت کە بریتی دەبێت لە قەڵغانی ڕێزلێنان و پاداشتی مادی. هەر لێرەوە، بۆ ئاگاداریی توێژەرانی کورد ڕای دەگەیەنین مژاری یەکەمین خەڵاتی ئاوەز بۆ توێژینەوەی هزری بریتی دەبێت لە ناونیشانی تەوەرەی ژمارە ٤ی ئاوەز، واتە: «مێژوو چییە؟ ئایا مێژوو کایەیەکی تەنیا گێڕانەوەیییە یان مەعریفیشە؟ چۆن بتوانین مێژووی کورد زانستییانە بخوێنینەوە؟ لە باری مەعریفییەوە چی بکرێت بۆ ئەوەی هەڵە تراژیکەکانی مێژووی کورد دووبارە نەبنەوە؟» دوا وادەش بۆ وەرگرتنی توێژینەوەی تایبەت بە خەڵاتی یەکەمی ئاوەز ڕێکەوتی (١/٦/٢٠٢٥) دەبێت. هەڵبەت توێژینەوەکان دەبێت لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستیدا بن، وەک ئەوەی لە ڕێبەری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە ژۆڕناڵی ئاوەز بڵاو کراوەتەوە.

ژۆڕناڵی ئاوەز بانگەشە بۆ «ڕاستی، نەک ڕا» دەکات، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بەو هەقیقەتانە ... یە کە لەسەر بنەمای فاکت و ... استییەکان دامەزراون، نەک وەهم و مەزەندەکان. وشیاری و وریایی ڕاستەقینەی تاک و کۆمەڵ ئەو کاتە مسۆگەر دەبێت کە شیکردنەوەکان، بەتایبەت شیکردنەوەی کەسانی پسپۆڕ و تەکنۆکرات و ئەکادیمی و بیرمەند، بەپێوەری عەقڵانییەت و ئاوەزمەندی ئەنجام بدرێن، نەک بەگوێرەی دۆکتۆرینێکی سیاسی یان خواستی بەرژەوەندیخوازانە یان وەهمی ئایدیۆلۆژیک. ئامانجی پڕۆژەی ئاوەز بەدامەزراوەییکردنی عەقڵانییەت و بەعەقلانیکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی کوردییە، هەر لە دامەزراوە سیاسییەکانەوە بگرە تا دەگاتە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکان. هەر لەم پێناوەدا، لە هەر ژمارەیەکی ژۆڕناڵی ئاوەزدا تەوەرەیەکی تایبەت و تێروتەسەل بۆ بوارە جۆراوجۆرەکانی مەعریفی و هزرڤانی و تیۆری تەرخان دەکرێت. بۆ نموونە، لە ژمارەی یەکەمدا، لەسەر بابەتی «زمان و ناسنامە» لەنگەر گیراوە و لە ژمارەی دووهەمدا، ئاوڕی جیدی لە مژاری گرینگی «زانست و فەلسەفەی زانست» دراوەتەوە و لە ژمارەی سێهەمدا، «ئەرک و دەوری فەلسەفە لە کۆمەڵگە»دا شی کراوەتەوە. فاروق ڕەفیق، کەسایەتیی دیاری گۆڕەپانی نووسینی کوردی و سکۆڵەری بواری فەلسەفە، سەرنووسەری ژۆڕناڵەکەیە و، عەبدولخالق یەعقووبی، توێژەر و وەرگێڕی بواری هزر و ئەدەب، وەک سکرتێری نووسینی ئاوەز کار دەکات و، دامەزراوەی میدیایی «کوردستان کرۆنیکڵ» سپۆنسەری ئەم بلاڤۆکە دەکات.

ئەرکی ژۆڕناڵی ئاوەز وەک تاکتیک بریتییە لە برەودان بەفەرهەنگی توێژینەوە و هزرین و ڕۆشنگەری و ڕەخنەکاری لە هەموو بوارەکانی مەعریفە و فیکر و تیۆری، بەڵام وەک ستراتیجی، چاوی لە ئاسۆی بەهێزکردنی ناسنامەی مرۆڤ و کۆمەڵی کوردی بڕیوە. گوتاری سەرەکیی ژۆڕناڵی ئاوەز گوتاری هەقیقەتە مرۆییەکان و جوانکردنی نیشتمانە، نەک بەرژەوەندییە ئایدیالۆژیکەکان و پێشینەدان بەگێڕانەوە بچووکەکان. ژۆڕناڵی ئاوەز لە ڕێگەی خوێندنەوەی فەلسەفی و مەعریفە — تەوەر بۆ بارودۆخی جیهان و کوردستان هەوڵ دەدات پێگەی ناسنامەی کوردی لەم جیهانە پڕکێشە و تژی لە ئاریشەیەدا بەهێز و تۆکمە بکات و هاوکات تاکی کورد هان بدات نیشتمانەکەی خۆی خۆش بوێت، بێ ئەوەی ئەم خۆشەویستییە لەسەر حسێبی چاوپۆشیکردن بێت لە کەمایەسی و خاڵە نەرێیەکانی (سلبییەکانی) نەریت و کولتوور و کۆمەڵگەی خۆی.

ژۆزێ ساراماگۆ، نووسەری بەناوبانگی پورتوگالی و براوەی خەڵاتی نۆبێڵ و خوڵقێنەری ڕۆمانی «کوێری»، لە شوێنێکدا گوتوویەتی: «هەندێک کەس سەرلەبەری ژیانی خۆیان بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەن، بەڵام هەرگیز لە خوێندنەوەی وشەی سەر لاپەڕەکان تێناپەڕێنن؛ ئەوان نازانن وشە تەنیا کۆمەڵێک بەردەبازن لەنێو ڕووبارێکی خرۆشاندا و، هۆکاری بوونی ئەو بەردەبازانە بۆ ئەوەیە ئێمە بتوانین بەسەلامەتی بگەینە ئەوبەری ڕووبارەکە؛ ئەوەی گرینگە پەڕینەوە لە ڕووبار و گەیشتن بەئامانجە». ژۆڕناڵی ئاوەز هیوای ئەوە دەخوازێت سەرجەم وشە و ڕستە و بابەتەکانی ببنە بەردەبازێک بۆ گەیشتن بە کەنار، کەنارێک کە بریتییە لە تاکی ژیری کورد و جڤاکی وشیاری کوردی، تاک و کۆمەڵێک کە لەسەر دیاردەکانی دەوروبەریان بیر بکەنەوە و لە ئاست ناحەزییەکانی کۆمەڵگە ڕەخنەگر بن و بە ئاراستەی پێشخستنی کۆمەڵگە و ئاوەدانی و ئاسایشی وڵات و خۆشەویستی بۆ نیشتمان هەنگاو بنێن. ●





مەریوان مەسعود

## حوسێن حوزنی هەرگیز نەیدەگوت کوردستانی عێراق

کۆواری (زاری کرمانجی)، یەکێکە لە شانازییەکانی مێژووی هەولێر، کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و بلیمەتێکی وەکو حوسێن حوزنی موکریانی خاوەنی بووە و چەند ساڵێک بەردەوام بووە. ناونیشانەکەی لە لاپەڕەی یەکەمی هەموو ژمارەکانیدا نووسرابوو: شاری ڕواندز، لە گەڕەکی زاری کرمانجی.

لە ژمارەکانی ٢١ و ٢٢ی کۆوارەکە، لە لاپەڕەی یەکەمدا، سەید حوسێن حوزنی لە شێوەی سەروتاردا بابەتێکی توندی نووسیوە دژی ئەو هەوڵەی لە (لیوای هەولێر) لە ئارادا بوو بۆ ئەوەی خوێندن لە قوتابخانەکانی سنووری هەولێر و دەوروبەری بکرێت بە بیانی و زمانی کوردی فەرامۆش بکرێ.

بابەتەکە بەناونیشانی "مەکتەبی کوردستان لە بری سەرکەوتن بەراوژوو دەچێت" کە تێیدا نووسەر خۆی وەکو شایەتحاڵێک باس لە دیاردەکە دەکات کە لە سنووری لیوای هەولێر هەیە و سەرەتا دەڵێ "مەکتەبەکانی کوردستانی لیوای هەولێر کە من بەچاوی خۆم دیتمن، زۆر جێگای ئەسەفن".

نیگەرانیی حوزنی گەیشتووەتە ئەوپەڕی بەتایبەت لە جوولەکەکانی هەولێر کە بەپاڵپشتیی ئینگلیزەکان ویستوویانە ناوەندەکانی خوێندن لە هەولێر داگیر بکەن، بۆیە کاتێک ناوی جوولەکە دەهێنێت وشەی جوولەکە بەپێچەوانە دەنووسێت و دەیخاتە نێو دوو کەوانەوە، وەکو نارەزاییەک لەو هەوڵەی جوولەکەکان، دیارە ئەم شێوە نووسین و نارەزایەتییەش یەکەم جارە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەدی بکرێت کە لە ساڵی ١٩٣٠ ئەنجامی دا، وەکو بەڵگەش بۆ قسەکانی دەنووسێ "ژمارەی شاگردی لە سەد و سی زیاترە، بیست نەفەر جوولەکە و دە نەفەر عەنکاوەیە و سەد نەفەر کوردی تێدایە، ئەمە چییە؟ گەورەکانی کورد چۆن لەوە ئاگادار نابن و چۆن بەزەییان بەئەولادی وەتەنێک ئەوانی پێ گەیاندووە نایەت!؟" واتە، توانج لە بەرپرسانی ئەوسای کورد دەدات، کە چۆن قبوڵی دەکەن لە ١٣٠ قوتابی، کە تەنها ٢٠ی جوولەکە و ١٠ی مەسیحییە، زیاتر لە ١٠٠ قوتابیی کوردن، کەچی زمانی کوردی فەرامۆش کراوە و زمانی بیانی و عەرەبی زاڵە لە ناوەندەکانی خوێندندا لە لیوای هەولێر.

حوسێن حوزنی موکریانی نموونەیەکی تری بۆ قسەکانی دەهێنێتەوە، کە دەری دەخات زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن نییە، کاتێک لە ژمارە (٢٢)ی کۆواری زاری کرمانجی دەنووسێ "جێگایەکی وەکو شەقڵاوە کە بۆ خۆم چوومە مەکتەبەکەی وەچاوم پێ کەوت، حەرفێکی کوردی نەکەوتە بەرچاوم، مدیری ناحیەی شەقڵاوە بۆچی دەبێ چاو بقوچێنێت ئەگەر کورد بێ؟". ڕەخنەیەکی تریشی ئەوەیە کە بۆ هەر سێ لیواکەی کوردستان، دوو پشکنەر (موفەتیش) دانراون کە هیچیان کورد نین.

هەروەها لە ژمارە (٢٣)ی زاری کرمانجی کە لە (٤/٧/١٩٣٠) دەرچووە، بابەتی سەرەکی و مانشێتی گۆڤارەکە ئەمەیە "خوێندن و معارفی کوردستان لە عصبة الامم‌دا". مانشێتی دووەمیشی ئەمەیە "کوردستان مغدوریەتی تحصیل و معارفیان بە شکایەت خستۆتە بارەگای عدالەتی پەنای کۆمەڵەی ئەقوامەوە".

ئەو کەڵەپیاوە هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بووە کە زمانی کوردی، زمانی ڕەسمی و سەرەکی بێت لە کوردستان، جگە لەمەش هەرگیز نەیوتووە کوردستانی عێراق، یان هەرێمی کوردستان، یان شارەکانی باکوری عێراق، هەردەم نووسیویەتی (کوردستان). ●

# سەربوردەی یەکەم موتەسەڕیفی هەولێر

نازم دڵبەند

یەکێک لە کەسایەتییە ناودار و کاریگەرەکانی شاری هەولێر لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، کە هەم لە سەردەمی عوسمانی و هەم پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی گرینگی سیاسی و کارگێڕیی هەبووە، ئەحمەد عوسمان ناسراو بە ئەحمەد ئەفەندییە، کە یەکێک لە جێدەستە دیارەکانی کردنەوەی "دەرگەی ئەحمەدییە"ی باکوری خۆرئاوای قەڵاتی هەولێرە.

ئیحسان ڕەشاد موفتی، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی شاری هەولێرە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و پارێزەرە، کوڕی ڕەشاد موفتی، کەسایەتیی دیاری ئاینی و ئەدەبی کوردە لە هەولێر، کە ئەحمەد عوسمان مامی خوالێخۆشبوو ڕەشاد موفتیی باوکیەتی، لە دیمانەیەکدا باسی پێگە و ڕۆڵی (ئەحمەد ئەفەندی) بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە، کە لێرەدا پوختەی گێڕانەوەکە دەخەینە ڕوو:

وەک موفتی باسی کرد، ئەحمەد عوسمان کوڕی مەلا عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری مەلا گچکەی هەولێر و ئامۆزای کەسایەتیی ئاینیی ناوداری هەولێر (مەلا ئەفەندی) بووە، کە بنەماڵەکەیان لە سەدەی شازدەمدا لە تاو شاڵاوی بەشیعەکردنی زۆرەملێی سوننەکان لەلایەن شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کۆچ دەکەن بۆ کوردستانی باشوور؛ سەرەتا لە هەریر و پاشان لە ماوەران و دواتر لە هەولێر دەگیرسێنەوە و لە مزگەوتی قەڵا دەست دەکەن بەئیمامەتی و فتوادان و بەڕێوەبردنی قوتابخانە ئاینییەکانی هەولێر. باوکی (واتە مەلا عوسمان ئەفەندی) حاکمی دادگەی مووسڵ بووە؛ هەر بۆیە هەم پلە و پایەی بنەماڵەکەی، هەم لێهاتوویی خۆی وایان کردووە پێگە و ناوی درەوشاوە بێت.

ئەحمەد عوسمان لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بووە، کە ئەو کاتە قەزایەکی سەر بەویلایەتی مووسڵ بووە، دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانیی یەکەم و هاتنی ئینگلیز لە ١٩١٨ و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش، وەک سەرۆکی شارەوانی لەگەڵ ئەفسەری ئینگلیز و پاشتر یاریدەدەری حاکمی سیاسیی هەولێر کاپتن (دبلیو. ئاڕ. های) پێکەوە دەچنە لای ئەو هێزە بچووکەی عوسمانی کە لە ڕۆژئاوای هەولێر نیشتەجێ بوون، تا ئاڵوگۆڕیی دەسەڵات بکەن.

هاوکات لەبەر پێگەی مێژوویی و گرینگیی شارەکە لە ناوچەکەدا پێشنیار دەکات هەولێر لە قەزاوە بکرێتە لیوا و بۆ ئەو مەبەستە - وەک کاپتن های لە کتێبەکەیدا «دوو ساڵ لە کوردستان»دا باسی دەکات، لە (٢٩/١٠/١٩١٩) لەگەڵ کاپتن های سەردانی بەغدا دەکەن و پێشنیارەکە دەخەنە بەردەم (عەقید ویلسۆن) حاکمی گشتیی بەریتانیا لە عێراق؛ ویلسۆن ڕاستەوخۆ پێشنیارەکەی پەسند نەکرد و بڕیارەکە دوا خرا، بەڵام دوای ئەو سەردانەی بەغدا؛ هەولێر نیمچە سەربەخۆییی کارگێڕیی وەرگرت و بەکردەنی وەک لیوا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، تا ساڵی ١٩٢٣ بە ڕەسمی بوو بەلیوایەکی سەربەخۆ و (ئەحمەد عوسمان)یش کرا بە یەکەمین موتەسەڕیفی لیوای هەولێر.

ئەحمەد عوسمان پیاوێکی ڕۆشنبیر و خەمخۆر و کارامە بوو، لە سەروەختی لاوازبوون و پاشەکشەی هێزەکانی عوسمانی و پێش هاتنی ئینگلیزدا توانی هەولێر لە فیتنە و کارەسات بپارێزێت، کە ئەو کاتە بەفیتی پاشماوەی هێزەکانی عوسمانی، بەناوی ئیسلامەوە، هەوڵ دەدرا بەبیانووی ئەوەی گوایە ئەوانە لەگەڵ ئینگلیزن، کریستیانەکانی عەنکاوە قەتڵوعام بکرێن، بەڵام بەفەتوای مەلا ئەفەندی ئامۆزای و پاڵپشتیی موفتیی هەولێر و هۆزەکانی دەوروبەری شار، پێش بەو کارەساتە گیرا.

هەروەها لە چەندین وێستگەی تردا ڕۆڵی لە بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیریدا بینیوە، لەوانە هەوڵەکانی بۆ هێنانە کایەی دانوستاندن و ڕێککەوتن لە نێوان شێخ مەحموودی حەفید و دەسەڵاتی بەغدا (مەلیک فەیسەڵ و ئینگلیز)، ئەویش بەهۆی دۆستایەتیی نزیکی لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمر، کە ئەو دۆستایەتییە بۆ پەیوەندیی مێژوویی نێوان هەردوو بنەماڵە دەگەڕێتەوە،



ئەحمەد عوسمان یەکەم موتەسەریفی هەولێر لەگەڵ کارمەندانی موتەسەریفیەت و موفەتیشی ئیداریی ئینگلیز. ساڵی ١٩٢٧.



ئەحمەد عوسمان، دووەم موتەسەریفی سلێمانی و شێخ مەحمودی حەفید پێش چوونیان بۆ بەغدا بە بانگهێشتی مەلیک فەیسەڵ.



ئیحسان ڕەشاد موفتی لەگەڵ دکتۆر مەحموود ئەحمەد عوسمان، هەولێر ٢٠٢٥.

هەر لەبەر ئەو متمانەیە بوو ساڵی ١٩٢٧ لەسەر داوای مەلیک فەیسەڵ گوێزرایەوە و کرا بەموتەسەڕیفی دووەمی سلێمانی، مەلیک دەیویست دڵنیایی بداتە شێخ مەحموود کە موتەسەڕیفی شار لەو پیاوانەیە جێگەی متمانەی ئەوە بۆ گفتوگۆکردن.

پاش دەستبەکاربوونی (ئەحمەد عوسمان) وەکو موتەسەڕیفی سلێمانی، لەگەڵ حاکمی ئیداریی ئینگلیز، بەیاوەریی شێخ قادری برای شێخ مەحموودی حەفید کە ئەو کات بووبووە ئەندامی دامەزرێنەری ئەنجوومەنی دەوڵەتی عێراق، چەندین جار پەیوەندیی بەشێخەوە دەکات و گفت و بەڵێنەکانی مەلیک و ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆ (کۆرنوالیس) بەشێخ دەگەیەنێت. واتە ئەحمەد عوسمان وەکو ناوبژیوانێک بووە لە نێوان مەلیک و شێخدا و ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوانیاندا هەبووە، تێیاندا ئەحمەد ئەفەندی هەوڵی داوە شێخ دۆخی کورد و هەژموونی ئینگلیز لە دنیادا بەوردی بخوێنێتەوە و کۆتایی بەشەڕ بێنێت و لەگەڵ بەغدا ڕێک بکەوێت.

ئەو هەوڵانە ڕۆڵیان هەبوو لەوەی لە ٢٨ی حوزەیران ١٩٢٧ سەرۆک وەزیران (جەعفەر عەسکەری) بەیاوەریی موتەسەڕیف ئەحمەد عوسمان لە پێنجوێن لەگەڵ شێخ کۆ ببنەوە و نامەی مەلیکی پێ بگەیەنن و قایلی بکەن سەردانی بەغدا بکات، ئەوە بوو شێخ لە ٢ی تەمووزی ١٩٢٧ لە خورماڵەوە گەیشتە سلێمانی، لەوێ شێخ بەتەلەفۆن لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ قسە دەکات، دوای ئەو گفتوگۆیە شێخ بڕیار دەدات بچێتە بەغدا، ئەوە بوو لە ٤ی تەمووزی ١٩٢٧ بەفڕۆکە گەیشتە بەغدا، پاشتر لەگەڵ ئەحمەد ئەفەندی و (حوسێن زەکی بەگ) دەچنە لای (مەندووبی سامی بەریتانی) و دوای ئەویش دەچنە لای مەلیک فەیسەڵی یەکەم.

ئەحمەد عوسمان هەردەم لەگەڵ ئەوەدا بووە بەو ئامرازانەی لە بەردەستن پارێزگاری لە مافی میللەتی خۆی بکات. ئەوە بوو بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی لۆزانی ١٩٢٤ کۆمەڵەی گەلان بڕیاری دا لیژنەیەک بنێرێت تا بۆچوونی خەڵکی ویلایەتی مووسڵ بزانێت کە ئاخۆ دەیانەوێت لەگەڵ تورکیای کەمالی بن یان بچنە پاڵ ئەو عێراقەی ئینگلیز دای مەزراندبوو، ئەو کاتە هەموو لێکدانەوەکان بەو ئاراستەیە بوون، کە وا باشترە ویلایەتی مووسڵ لەگەڵ عێراق و لەژێر ئینتیدابی ئینگلیزدا بێت، نەک گەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی تورک، هەر بۆیەش، موتەسەڕیفی هەولێر و خانەوادەکەی و هەموولا هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی بەهیچ جۆرێک نەگەڕێنەوە سەر نەخشەی تورکیا.


ساڵی (١٩٢٥) لیژنەکەی کۆمەڵەی گەلان هاتە کوردستان و ماوەی سێ مانگ مایەوە، لەو کاتە چارەنووسسازەدا (مەلیک فەیسەڵ)، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی کورد بۆ بژاردەی مانەوەی ویلایەتی مووسڵ لە چوارچێوەی عێراقدا شان بەشانی هەردوو ویلایەتی بەسرە و بەغدا، لە کۆتاییی مانگی ١٢ی ساڵی (١٩٢٤) گەیشتە هەولێر و نزیکەی هەفتەیەک لە قەسری باداوان میوانی مەلا ئەفەندی بوو، لەو ماوەیەدا، زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی کورد سەردانیان کرد، پاشتر لە وتەیەکیدا لە مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر جەختی لەوە کردەوە ئەگەر میللەتی کورد دەنگ بەمانەوەیان لەناو نەخشەی عێراقدا بدەن مافی کورد لە عێراقدا پارێزراو دەبێت.

موتەسەڕیفی هەولێر (ئەحمەد عوسمان)یش بۆچوونی وا بوو پێویستە کورد هەموو یەکدەنگ بن لەسەر مانەوەی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراقدا، بەتایبەت کە ئەو کاتە (شێخ مەحموود) لەگەڵ ئینگلیز لە شەڕ و پاشەکشەکردندا بوو، بۆیە خەڵکی کوردستان و سەرکردەکانیشی لەو باوەڕەدا بوون مانەوەی ویلایەتی مووسڵ لە چوارچێوەی عێراقدا باشترە لەوەی بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان، کە هیچ ئومێدێک نەبوو دان بەهیچ مافێکی کورددا بنێن.

ئەحمەد عوسمان لەو ماوەیەدا موتەسەڕیفی هەولێر بووە چەند کار و پڕۆژەیەکی گرینگی ئەنجام داوە، کە هەندێکیان تا ئێستەش ماونەتەوە، لەوانە: ئەو دەرگەیەی دەڕوانێتە باکوری هەولێر، پێشتر ڕێگەیەکی زۆر تەسک بووە و وەک کۆڵانێکی باریک هاتوچۆی لەسەر بووە. دوای ساڵی ١٩٢٤ دەرگەکە و ڕێگەکەی کردەوە، هەر بۆیە لە ناوی ئەوەوە ناوی لێ نرا «دەرگەی ئەحمەدییە«.

هەروەها ئەگەر سەیری وێنە ئەرشیفییەکانی دەوروبەری قەڵا بکەین، دەبینین هیچ ئاوەدانی و شەقامێکی تێدا نەبووە، بەڵام پاش کردنەوەی دەرگەی ئەحمەدییە، ڕێگەی دەوری قەڵا، یەکەم شەقامی بازنەیی لە هەولێر دەستی پێ کردووە، دوای ئەویش شەقامە بازنەییەکانی ٣٠-٤٠-٦٠ -١٠٠-١٢٠ -١٥٠ مەتری دروست کراون، کە سەرچاوەکەی هەر شەقامە بازنەییەکەی یەکەمە و لەوێوە ئەو شەپۆڵە لەنێو نەخشەسازیی شاری هەولێر ڕەنگی داوەتەوە.

ئەحمەد عوسمان ساڵی ١٨٧٩ لە قەڵاتی هەولێر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٢٣ بووە بەموتەسەڕیفی شاری هەولێر تا ساڵی ١٩٢٧، دواتر کراوە بە موتەسەڕیفی شاری سلێمانی، تا ساڵی ١٩٢٩ لەوێ ماوەتەوە، لە هەمان ساڵدا، بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی عێراق لە بەغدا، تا ساڵی ١٩٣٧ بەردەوام بووە، دوای ئەوەش، بەنوێنەرایەتیی شاری هەولێر بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بۆ ماوەی سێ خولی لە دوای یەک ماوەتەوە، لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کردوە و شەش کوڕی لەپاش بەجێ ماوە بەناوەکانی: (فەیسەڵ، زەید، فوئاد، مەحموود، نەوزاد، غازی).


الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الأمن العامة
التاريخ ٥/١١/١٩٦١
الى /
الحاكم العسكري العام
الموضوع / حجز شخص
العقيد
عبد المجيد جليل
مدير الأمن العام
نسخة منه الى /
وزارة الداخلية
مديرية الاستخبارات العسكرية | للتفضل بالمعلومات .

# هێزە ئەمنییەکان یاوەرێکی بارزانی دەستگیر دەکەن

د. سنوور سەباح

بەڵگەنامەیەکی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، دەری دەخات کە ساڵی ١٩٦١ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیی گشتیی عێراق یاوەرێکی بارزانییان بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەستگیر کردووە.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئەمنیی گشتیی عێراق، کە ڕۆژی ٥/١١/١٩٦١ بۆ حاکمی گشتیی سەربازی ناردووە، مەلکۆ عەباس محەمەد دەستگیر کراوە، کە یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی یاوەری بارزانیی نەمر بوون بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و لەوێ هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێکی ڕووسی کردبوو.

مەلکۆ عەباس محەمەد لەو کاتەی هەوڵی دەدا ئەلینا پاڤلۆتای هاوسەرە ڕووسییەکەی بەڕێ بکات، دەستگیر کراوە و بە کارمەندە ئەمنییەکانی گوتووە خەڵکی گوندی پیرستانە لە سنووری قەزای مێرگەسۆر.

بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیی گشتیی عێراق بە حاکمی گشتیی سەربازیی عێراقی ڕاگەیاندووە، کە بەهۆی ڕووداوەکانەوە نەتوانراوە لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕەگەزنامە بسەلمێندرێت مەلکۆ عەباس خەڵکی ناوچەکەیە و داوای کردووە حاکمی گشتیی سەربازی ڕەزامەندی بۆ زیندانیکردنی لە گرتووخانەیەکی باشووری عێراق بدات.


وێنەیەکی ئەرشیفیی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک گەنج


# تورکمانێک بەتۆمەتی پەیوەندیی بەپارتییەوە سزا دەدرێت

گڵکەند

کەسایەتییەکی نەتەوەی تورکمان لە هەولێرێ بەهۆی گومانی هەبوونی پەیوەندیی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە سەرکردایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلوولی دەکرد، سزا دەدرێت.

بەپێی نووسراوێکی بنکەی پۆلیسی شەمەندەفەری هەولێر، کە لە ٢٧/١٢/١٩٦٣ بۆ یاریدەدەرێتیی پۆلیسی شەمەندەفەری کەرکووک نێردراوە، عەبدولڕەزاق ڕەفیق دۆغرەمەچی، بەڕێوەبەری پێشووی وێستگەی شەمەندەفەری پردێ، لەلایەن ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیی چواری کەرکووک، بەپێبژاردنی ١٠٠ دینار یاخود شەش مانگ زیندانی، سزا دراوە.

عەبدولڕەزاق ڕەفیق دۆغرەمەچی خەڵکی هەولێرە و بەگومانی بوونی پەیوەندیی بەپارتییەوە سزاکەی بەسەردا سەپێندراوە، ئەگەرچی ئەمنی هەولێر نەیتوانیوە تۆمەت و گومانەکەی بسەلمێنێت، بەڵام بە مەرجی کەفالەتی یەک هەزار دیناریی فەرمانبەرێک و چاودێریکردنی بۆ ماوەی یەک ساڵ، بڕیاری ئازادکردنی دراوە.





بسم الله الرحمن الرحيم

ختم الواردة

وزارة
الشؤون البلدية و القروية
رئاسة بلدية اربيل
(الادارة والذاتية)

الرقم ٢٥٥٣
التاريخ ٢/٤/١٩٧٠

الى / مديرية تربية وتعليم محافظة اربيل / المكافحة
الموضوع / تشكيل لجان لفتح مراكز محو الامية

امركم الاداري المرقم ٩٨٦٨ في ١٩٧٠/٤/١٥
نرشح السيد محمد مولود رئيس ملاحظي الماء في بلديتنا كعضو في اللجنة المركزية
لمحو الامية يرجى الاطلاع واجراء اللازم.

سعدي محمد امين دزيي
مدير بلدية اربيل

صورة منه الى / البلديات.
السيد محمد مولود / رئيس ملاحظي الماء / مع صورة من الامر الاداري
اعلاه ـ لاجراء اللازم.

# مەم لە هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بوو

**نازم دڵبەند**

بەری ٥٥ ساڵان خەڵکی هەولێر بەپیل هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا چووینە، ئەوانەی کەوتبوونە تەمەنەوە و خەڵکی گوند و کاسبکار بوون، کە بە هەر هۆکارێک بووبێ نەیانتوانیوە بچنە بەر خوێندن. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن لە پارێزگای هەولێر، ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن/ بنەڕەتی و نەهێشتنی نەخوێندەواری ژمارە ٥٩٤٣ لە ٩/٢/١٩٧٠ و نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ/ خوێندنی ناوخۆیی ژمارە ٢٦٤٥ لە ٢٦/٢/١٩٧٠ و نووسراوی پارێزگای هەولێر/ ناوخۆ ١٩٩٧ لە ٢٢/٣/١٩٧٠، بە نووسراوی ژمارە ٩٨٦٨ لە ١٥/٤/١٩٧٠ بڕیاری داوە لێژنەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ کارمەندانی ژن و پیاو لە پارێزگاکە بۆ سەرپەشتیکردن لەم بەڕێزانە پێک بهێنێ:

فائیق جەمیل ئەلعەلی، بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردن لە هەولێر سەرۆک

عەلی حسێن کەسرە، پشکنەری پەروەردەیی و فێرکردن جێگری سەرۆک

عەزیز عەبدولقادر، مامۆستای دانراو لە هۆبەی نەهێشتنی نەخوێندەواری سکرتێر

خاتو گلیشان سعید، راگری پشکنەر ئەندام

خاتو حەمدیە سابر، بەڕێوەبەری قوتابخانەی میدیای کچان ئەندام

سلێمان شاکر، مامۆستای دانراو لە چالاکی قوتابخانەکان ئەندام

یەحیا مەرجان، مامۆستای دانراو لە چالاکی قوتابخانەکان ئەندام

هەموو دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری شاری هەولێریش ئەندامێکی لەم لیژنەیەدا هەبوو، بۆیە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر بە نووسراوی ژمارە ٢٥٥٣ لە ٢/٤/١٩٧٠ بە ئیمزای ئەندازیار سەعدی محەمەد ئەمین دزەیی بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێر، محەمەد مەولوود مەم سەرۆکی تێبینەرانی لە شارەوانی هەولێر بۆ ئەم لیژنەیە دەستنیشان کردووە.

دیارە دەستنیشانکردنی مامۆستا (مەم) بۆ ئەم لیژنەیە، رەچاوی ئەوەی تێدا کراوە، کە ئەو وەک نووسەر و کەسێکی رۆشنبیر لەو سەردەمی، زیاتر درکی بەوە کردووە کە گەلەکەی لە نەخوێندەواری رزگاری ببێ، چونکە دەیزانی خوێندەواری بەشێکە لە سەرکەوتنی گەل و وڵات، ئەوکاتیش لە راگەیاندنەکاندا هەڵمەتێکی چڕوپڕ کرا، ئەوەشیان دەگێڕایەوە مامۆستا (مەم) زۆر مکوڕ بوو لەسەر کارمەندە نەخوێندەوارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی، دەبێ بچنە ناو ئەو پرۆسەیە و تا بەزوویی فێرە خوێندەواری بن.



## شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

# بەخت و ناوچەوان

ساڵی ١٩٨٥ لە بەشی فیزیای کۆلێجی زانستیی زانکۆی سەلاحەدین قوتابی بووم، تەواوی ساڵەکە وانەی کیمیای فیزیاییمان خوێند، وانەیەکی هەراسانکەر بوو.

دوکتۆر ئیسماعیل خەلیل ئەلهیتی ئەو دەرسەی پێ دەگوتین، زانایەکی گەورەی کیمیا بوو، خاوەن چەندین کتێبی قەبە و گرینگ بوو کە چاوگەی کیمیا بوون لە وڵاتانی ناوچەکە، دوکتۆر ئیسماعیل مرۆڤدۆست و گاڵتەچیش بوو، پێوەندیم لەگەڵ وی خۆش بوو، وەلێ لەو دەرسە زۆر باش نەبووم.

چەند ساڵێک لەوەوبەر شاعیر و شێوەکاری عەرەب سبتی ئەلهیتی هاتە هەولێر، هەواڵی دوکتۆر ئیسماعیلم لێ پرسی، گوتی لە ئیمارات دەژیت، جارێکیان وادەی ئاروین (تاقیکردنەوە)ی بۆ دانابن، منیش کەمتەرخەمانە خوێندم.

لە ئاروینەکە پرسیارێکی ئاڵۆزی هێنابووەوە کە بابەتەکەی لەبارەی خولگەی ئەلیکترۆن بوو، بۆ شیکارییەکەی دەبوو ماتماتیکزانانە بەدوایدا بچی، منیش هاوکێشەیەکم بۆ دەرهات، ئەنجامەکەم لێ هەڵە بوو، لەم هاوکێشەیە نائاگایانە هیچ بڕێکی ونبوو (مجهول)م دانەنابوو، لە ماتماتیکدا هیچ هاوکێشەیەک بێ بڕی ونبوو نابێت، دواتر کە ئەنجامی ئاروینەکەی بۆ هێنابنەوە، دوکتۆر ئیسماعیل لەسەر لاپەڕەی شیکارییەکەم نووسیبووی: (این المجهول یا فحل؟) دواتر کە یەکترمان دەدیتەوە بەو ڕستەیەی وی هەردووکمان دەتریقاینەوە.

ئەم وانەیە لای پراکتیکیشی هەبوو کە دوکتۆر کەمال مستەفا لە تاقیگەکە لەگەڵمان بوو، دواجار لە کۆتاییی ساڵ هەردوو نمرەی تیۆرییەکە و پراکتیکییەکە کۆ دەکرانەوە و ئەنجامی قوتابیی لێ دەردەچوو.

من لە بەشە پراکتیکییەکە دەبوایە نمرەیەکی باش بهێنم تا بۆ کۆتاییی ساڵ لە وانەکە دەرچم. ڕۆژێکیان منی گەنج و تولازی لە گوێی گادا نوستوو، هەر لە بیریشم نییە ئەو ڕۆژە لە پراکتیکییەکە ئاروینمان هەیە!

ئەگەر خراپ بوومایە بۆ من ناخۆش دەبوو، ناچار چووینە ژووری تاقیگەکە، لە ژوورەوە هەریەکەی تیوبێکیان داینێ کە ماددەی کیمیاییان تێدا بوو، بە کۆد یان ژمارە تەنیا مامۆستاکە دەیزانی تیوبی هەر قوتابییەک چ ماددەیەکی تێدایە و بەپێی زانین و وەرامدانەوە هەر قوتابییەک نمرەی وەردەگرت

من هیچم نەخوێندبوو، دەبوو خشتەی ماددەکان بزانم و بەپێی خشتەکان هەر ماددەیەک چەند دڵۆپ لە چ ماددەیەکی تێ دەکەیت و چی لێ دێت، ئەگەر وای لێ هات چ ماددەیەکی تری تێ دەکەیت و تا دواجار ناوی ماددەکەت بۆ دەردەکەوێ.


من هەموویم لێ تێکەڵوپێکەڵ بوو، وەک دەڵێن کەوتمە ناو گێژاوەوە و لێم وا ئاڵۆزکا، ناچار قاقەزی ئاروینەکەم هێنا لەو سەت ماددەیە چی بنووسم! خوا خوام بوو بچمە دەرەوە، هەر لەخۆوە وەڵامەکەم نووسی (Br) کە هێمای کیمیایی (بڕۆم)ە. واتە ئەو ماددەیەی ناو تیوبەکەی من (بڕۆم)ە.

دوای چوار ڕۆژ، ئەنجامەکەمان بۆ هاتەوە، بینیم دە لە دەم وەرگرتووە کە بەرزترین نمرە بوو، ئەم نمرەیە پاڵپشتێکی باش بوو تا لە سەری ساڵ لە کیمیا دەرچم.

هەر ئەوجارە بەختم سەت لە سەتی هانیوە!.



# دوکانەکانی بن قەڵات بەچەند دینار بەکرێ دران؟



حوسامەدین سەرداری

کە باسی چەند بڕیارێکی ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر لە ١٩٥٥ دەکەین، هەر بۆ ئەوە نییە بزانین لەو سەردەمەدا چی ڕووی داوە، بەڵکو دەشێ بەراوردێکی خێرای ئێستە بەو سەردەمە بکەین، لە ڕوانگەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە.

یەکێک لە بڕیارەکانی ئەو ساڵە، بڕیاری ژمارە (٢ لە ٣/١/١٩٥٥ز، ٩/٥/١٣٧٤ک) بوو، کە تێیدا بڕیاری خەرجکردنی پێنج دینار و ٧٥٠ فلس دراوە بۆ داوەتی پیاوماقووڵانی هەولێر بەبۆنەی سەردانی وەزیری ناوەخۆی ئەو کات (سەعید قەزاز) لە ڕێکەوتی (٣١/١٢/١٩٥٤) بۆ موتەسەڕیفییەی لیوای هەولێر. ئەو بڕە پارەیەش خەرجی چایە و جگەرە بووە، ٧٥٠ فلس بۆ کڕینی ٣ پاکەتی جگەرەی گرێڤن بووە و دراوەتە حسێن نەبی جگەرەفرۆش، پێنج دینارەکەش نرخی چایەکان بووە و دراوەتە ئیبراهیم ئیسماعیل چایچی.

هەروەها بڕیاری ژمارە (٣٢ لە ١٣/١/١٩٥٥

١٩٥٥٣١ز، ١٩/٥/١٣٧٤ک) یەکێکی تر بووە لە بڕیارەکانی ئەو ساڵە، بۆ خەرجکردنی دینارێک و ٢٥٠ فلس بۆ دروستکردنی قایشی کۆپەلان بۆ هێستری عارەبانەی خاشاکی خاوێنکردنەوەی ناوچەی مستەوفی، ئەمەش پاڵپشت بەڕاپۆرتی مەئمووری بەشی شارەوانیی یەک، لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوەش هاتووە کە پارەکە بەپێی پێویست خەرج بکرێت.

لە بڕیاری ژمارە (٣٧ لە ١٣/١/١٩٥٥ز، ١٩/٥/١٣٧٤ک)دا بڕیار دراوە بەخەرجکردنی شەش دینار و ٧٥٠ فلس کە سێ دیناری بۆ کڕینی چوار فەردە ڕەژوو بووە بۆ نۆبەتدارەکانی شەو لە سەرۆکایەتیی شارەوانی و سەربڕخانە، هەروەها سێ دینار و ٧٥٠ فلس بۆ کڕینی شەش بارە دار بووە بۆ ژوورەکانی سەرۆکایەتیی شارەوانی لەلایەن چاودێری بازاڕەوە محەمەد یەحیا کڕدراوە.

لە بڕیارێکی تریشدا بە ژمارە (١٠٣ لە ١٤/٢/١٩٥٥ز، ٢١/٦/١٣٧٤ک)، چەند بەڵێندەرێکی هەولێر هاوبەشییان کردووە لە کەمکردنەوەی تەندەری پڕۆژەی قیرتاوکردنی شەقامی هیلالی ٣٠ مەتری لە پردی ڕێگەی مووسڵ بۆ پردی ڕێگەی شەمەندەفەر، بەڵێندەرەکان بریتی بوون لە یوسف عەبدولحسێن و نازم خەیات و نزار نەقیب و عەبدولقادر حاج محەمەد و شەهاب شێخ یونس و شەریف جامباز و فائیق نادر و حاجی مەحموود عەلاف.

دیارە بۆ قیرتاوکردنی یەک مەتر دووجا لە ٤٩٩ فلسەوە تا ٨٩٠ فلس پێشکێش کراوە و پڕۆژەکە بۆ حاجی مەحموود عەلاف دەرچووە، چونکە کەمترین نرخی پێشکێش کردووە کە ٤٩٩ فلس بووە.

بڕیاریژمارە (١٤٢لە ٨/٣/١٩٥٥ز، ١٤/٧/١٣٧٤ک) ئاماژە بەنووسراوی موتەسەڕیفییەی لیوای هەولێر دەکات بۆ خۆماڵەکردنی سێ پارچە زەوی لە گەڕەکی عەرەب بۆ دروستکردنی قوتابخانەی سەرەتاییی فەیسەڵی کوڕان، چونکە بەرژەوەندیی گشتی لە ئارادایە و موتەسەڕیفیەت داوای کردووە بەڕەزامەندیی هەردوولا دوو پارچە زەوی ژمارە (٣٣/١ عرب و ٥٢٩/٢ عرب) ڕووبەری ٦٩٢م٢ بفرۆشرێتە مو تە سە ڕ یفییە ت (کارگێڕی خۆیەتی/ الادارە المحلیە) بە نرخی (٤٥٠ فلس) بۆ یەک مەتر دووجا بەپێی یاسای (ئیستیملاک)ی ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٣٤، (دیارە نرخەکە بەگوێرەی ڕۆژەکە لە بەرژەوەندیی خاوەن موڵک بووە).

بڕیارێکی تر بە ژمارە (٣١٤ لە ٣٠/٥/١٩٥٥ز، ٨/١٠/١٣٧٤ک) دەرکراوە بۆ خەرجکردنی بڕی حەفت دینار بۆ فەتاح مەلا قۆجە و ڕەفعەت فەتاح بۆ هەر یەکێکیان سێ دینار لە جیاتیی تەقاندنی تۆپی بەربانگی ڕەمەزان و ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و دینارێکیش بۆ ئەو پەڕۆکانەی کە لەگەڵ بارووتەکەی تۆپەکە بەکار دەهات، کە تۆپەکە لە دەرگەی سەرەکیی قەڵاتی هەولێر داندرابوو.

هەروەها بڕیاری ژمارە (٤٢٤ لە ٧/٧/١٩٥٥ز، ٩/٥/١٣٧٤ک)ی هەمان ساڵ دەڵێ دوای سەرنجدان بەڕاپۆرتی لیژنەی خەملاندن بڕیار دراوە بە بەکرێدانی شوێنی دوکانێک لە شەقامی سەرەکیی بەدەنیی قەڵات و شەقامی خانزاد بەدرێژیی حەفت مەتر و پانیی سێ مەتر بەکرێ بدرێتە عەزیز ڕەسوڵ بۆ فرۆشتنی ساردەمەنی بەکرێی مانگانەی یەک دینار لە ١/٣/١٩٥٥ تا ٣٠/٩/١٩٥٥. هەروەها بەکرێدانی شوێنی دوکانێک بەرامبەر یانەی فەرمانبەران بە کەنعان خەتاب بۆ فرۆشتنی ساردەمەنی بەکرێی مانگانەی یەک دینار کە ڕووبەرەکەی ٥م٢ لە ١/٧/١٩٥٥ بۆ ئەو ماوەیەی کە کرێچی بەڕەزامەندیی خۆی تێیدا نیشتەجێ دەبێت. بەکرێدانی شوێنی تەرککراو لە باغی شار بەرامبەر عەلوەی نوێی سەوزە و میوەجات بە خەتاب جەلیل بۆ فرۆشتنی سەوزە و میوەجات کە ڕووبەرەکەی ٩٥٠م٢ بەکرێی مانگانەی ٨ دینار لە ١/٧/١٩٥٥ بۆ ماوەی چوار مانگ، ئەنجامدانی گرێبەستی بەکرێدانی پێویست بۆ دوکانەکانی ئاماژەپێکراوی سەرەوە و پەسندکردنیان.

# جاران لێخوڕینی پایسکیل لە هەولێر بە مۆڵەت بوو

**گڵکەند**

بەهۆی فراوانبوونی شار و کەمیی ئۆتۆمۆبێل و هۆیەکانی دیکەی گواستنەوە، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا زۆربەی پیاوانی هەولێر بە پایسکیل هاتوچۆی ڕۆژانەی خۆیان دەکرد، بۆ ئەوەش پێویستیان بە مۆڵەتی ڕاستەوخۆی شارەوانی هەبوو، وەک چۆن لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل مۆڵەتی دەویست.

ئەوکات لە هەولێر، لێخوڕینی پایسکیل ڕێڕەوێکی تایبەتی هەبووە کە لە تەنیشت شەقامەکانەوە دروست کراوە و تێیدا پایسکیلسواران کە لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بوون، هاتوچۆی ئاسایی خۆیان دەکرد.

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر دوای تاقیکردنەوە، مۆڵەتی لێخوڕینی پایسکیلی بەخەڵکی دەدا.

هێشتا کارتی ئەو مۆڵەتەم ماوە کە ساڵی ١٩٦٥، وەک مامۆستایەک بۆ چوون و هاتنەوەم لە قوتابخانە، داواکاریی مۆڵەتم پێشکێش بە بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر کرد بۆ لێخوڕینی پایسکیل، دوای سەرکەوتنم لە تاقیکردنەوەی تایبەت، مۆڵەتی لێخوڕینی پایسکیلم وەرگرت.

سەرەتا لەسەر مۆڵەتەکە نووسرابوو "ناتوانرێ دوای دەوامی فەرمی بەو مۆڵەتە پایسکیل لێ بخوڕدرێ"، منیش نارەزاییەکم بە نووسراو پێشکێش بە بەڕێوەبەری هاتوچۆی هەولێر کرد و داوام کرد ڕێگەم بدرێ لە هەموو کاتێک بتوانم بەو مۆڵەتە پایسکیل لێ بخورم

لە وەڵامی داواکارییەکەمدا، بەڕێوەبەری هاتوچۆی هەولێر نیوە ڕستەیەکی دیکەی بۆ ئەو ڕستەیە "ناتوانرێ دوای دەوامی فەرمی بەو مۆڵەتە پایسکیل لێ بخوڕدرێ" زیاد کرد و نووسی "جگە لە بارودۆخی پێویست". ●



گوڵبژێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

دەریا
بە دەمی مرۆڤ پیس بوو
بەمل سەگیان داهێنا

***

لە هەموومان
کلۆڵتر و بێ کەستر و بێ بەشتر
ڕاپەڕینە

***

بەدوای
کڵاوە بابردووەکەی خۆمدا کەوتم
لە بەردەمی پەرلەماندا دۆزیمەوە

***

لەبەر ڕۆشناییی مانگ
خەمەکانی محەمەد ماغوت دەدرەوشێنەوە

***

دنیا
بە زبڵ و خاپەرۆکەوە
خراوەتە ناو تیک تۆکەوە

***

لە بنمیچێکی مزگەوتی ئاڵتی بەرماغ
پەڕەسێلکەیەکم بینی
هێلانەی چێ دەکرد
دڵنیام ڕوحی پیربالْ مەحموود بوو

***

چ کارەساتێکی گەورەیە
جوڵە و دانیشتنت
بێداری و خەوت
خواردن و خواردنەوەت
بە ڕەچێتەی دکتۆر بێت

***

پیاو
بەدانیشتن ماڵی وێرانە
ژنیش
دەیکات بەئاهەنگی چەرەزات

***

هەمووومان
بەدەسەڵات و موعارەزەوە
وا قەبر بۆ کورد لێ دەدەین

***

ژەهری دووپشک
لەچاو ژەهری مرۆڤی دڵڕەق
بەسەد ئاوان شووراوەتەوە

***

ژیان
لافیتەیەکی سپییە
بە ڕەنگی ڕەش
لەسەری نووسراوە مردن ●

■ خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

■ سەرنووسەر:
**ڕێبەند سەعدوڵا**

■ دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

■ لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

■ دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (14), Tuesday 15/4/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

ئەمن دەمگوت لەو خەوەیدا
ئەی کیژان لۆ سەفەرتان هێند تولانیداو
لە کێندەر بوون بابان وێران
چبوو چتان دی چتان کرد
ئەی کیژان
لەوێندەری لە قیامەتی عاشقان چدەکەن
ئەوانیش دەچنە بەهەشتی
خۆ لەوێندەریش نارە نار ناکەن
لە دەس غەدر و غەداری

ئەمن دەمگوت لەو خەوەیدا
خودایە ئەوی خەوی راستی و کیژان هاتبنەوە ماری
وەیلێ وەیلێ وەیلێ
وای لە کیژانێ وای لە حەیرانێ
وای لە ئافاتێ دەورو زەمانێ
وای لە غوربەتێ نێو بیابانێ
وای لە شەوانێ کە مانگ تیا ئەمریو
بەفری کێوانیش چ بێنازانی
وای لە مریەمێ وای لە پاکیزێ
وای لە سووتانی رۆحی ئازیزێ
وەیلێ وەیلێ وەیل

شێرکۆ بێکەس

